



ڕوونکردنەوەی :

# ٣٠ فەرموودەی پێغەمبەر

ڕوونکردنەوەی :

# ٣٠ فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم

نووسینی : سیروان کاکە أحمد
دیزاینی ناوەوە و بەرگ : زەردەشت کاوانی
چاپی یەکەم ١٤٤١ز- ٢٠٢٠ك
١٤* ٢١ سم ، ٧٧ لاپەڕە
بابەت : ئایینی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی ( ٨٩٨ ) ی ساڵی ٢٠١٨ پێدراوە

مافی چاپ پارێزراوە

بارانی میهر

ڕوونکردنەوەی :

# ٣٠ فەرموودەی پێغەمبەر

صلى الله عليه وسلم

نووسینی

**سیروان کاکە أحمد**

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

رَبِّ أعِنِي بفضْلِكَ... يا كريم

# پێشەکی

گرنگی دان بە وتەی هەر کەسێك، گرنگی دانە بە خودی ئەو کەسایەتیە، زۆرجار دەبینین، کەسانێك سەرقاڵن بە بڵاوکردنەوەی وتەی ئەوانەی کە خۆشیان دەوێن، لە: فەیلەسووفان، نووسەران، شاعیران، ڕۆماننووسان، عاریفان، تەنانەت کەسە ئاساییەکانی دەوروبەری خۆیان... هتد.

دەبێ بزانین، ئێمەی مسوڵمان تەنیا یەك ڕابەرو خۆشەویست و گەورەو مامۆستاو پێشەنگمان هەیە، ئەگەر هەموو تەمەنی خۆمان تەرخان بکەین بۆ بڵاوکردنەوەو لەبەر کردنی فەرمایشتە زێڕینەکانی، کە هەر هەموویان وەك دوڕو مرواری و زێڕو گەوهەرو لوئلوئـ وان، هێشتا هیچ لە دەست نەهاتووین، بەرانبەر فەزڵ و چاکە زۆر لە بن نەهاتووەکانی، صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێ.

ئێمە لەم کارەدا هەست بە ئارامیی، چارەنووس خێری، پاداشت نەبڕاوەیی، سەربەرزی دونیاو، سەرفرازیی قیامەت دەکەین، چاوەڕوانین بە بڵاوکردنەوەی فەرمایشتەکانی، نزیك و نزیکتر بین لێی، خۆشەویستی و گیان فیدایی و ڕووح لەسەر دەستی خۆمانی بۆ دووپات بکەینەوە، بێگومان ئەویش هێندە

ئەهلی وەفاو قەناعەتە، بە کەمێکی زۆر کەم، لێمان ڕازی دەبێ، ئەو کەمە تێکۆشانەمان لێ قبووڵ دەکات إن شاءالله.

بەندە لەسەر داوای کۆمەڵێك لە دڵسۆزان و خەمخۆرانی ئەم دینە، هەڵسا بە ئامادە کردنی ئەم چەند لاپەڕە، کە پێم وایە هەمووی زێڕو گەوهەرە، چونکە زۆربەی فەرمایشتی پێغەمبەری سەروەرە ﷺ.

بە مەبەستی پێشبڕکێ و کۆشش تێدا کردنی، تا سەرەنجام لە ماوەی خەریك بوون لەگەڵ فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ، بۆ ماوەیەك هەست بە نزیکی بکەین، هاوەڵان ئاسا هەست بە لە خزمەت بوونی بکەین.

داواکارم لە خوای بە بەزەیی، ئێمە لەوانە بگێڕێ، کە خۆشەویست ﷺ لە بارەیانەوە فەرموویەتی: «**إِنَّ أُنَاسًا مِنْ أُمَّتِي يَأْتُونَ بَعْدِي يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوِ اشْتَرَى رُؤْيَتِي بِأَهْلِهِ وَمالِهِ**»[١].

واتە: دڵنیابن کۆمەڵە خەڵکێك لە ئۆممەتەکەم، لە دوای من دێن، هەر یەکێکیان تەمەننا دەکات و خۆزگە دەخوازێ، هەموو خزم و کەس و ماڵ و سامانی بدات لە پێناو بینینی مندا.

ئنجا بێگومان لەبەر کردنی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺو، پارێزگاری لێکردن و کار پێکردنی لە کردەوە هەرە گرنگ و، گەورەترینی عیبادەتەکانە، جگە لە فەرزەکان، ئەو کەسەی فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ لەبەر دەکات و لە ماناکەی تێدەگات و لە نێو خەڵك بڵاوی دەکاتەوە، پێغەمبەر ﷺ دەربارەی فەرموویەتی: «**نَضَّرَ اللَّهُ امْرَأً سَمِعَ مِنَّا حَدِيْثاً، فَحَفِظَهُ حَتَّى يُبَلِّغَهُ غَيْرَهُ**»[٢].

(١) أخرجه الحاكم: ٢١٣٧، عَن أبي هريرة، وصحَّحَهُ الألباني.

(٢) أخرجه أَحْمَد: ١٦٧٨٤، عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ، وصحَّحَهُ شعيب الأرنؤوط.

واتە: خوا ڕووخسارو ڕەوشتی ئەو کەسە جوان بکات، گوێبیستی فەرموودەیەك دەبێ لە ئێمەوە، لەبەری دەکات، (دەیپارێزێ) تا دەیگەیەنێ بە کەسانی دیکە.

لەم فەرموودە دوعا کردن هەیە، یان هەواڵدان هەیە لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ دەربارەی حاڵی ئەو کەسەی هەوڵی پاراستن و بڵاو کردنەوەی فەرموودە دەدات.

دیارە تێگەیشتن لە ئایین لە ڕێگەی تێگەیشتن لە قورئان و سوننەتەوە دەبێ، وە تێگەیشتن لە سوننەت لە ڕێی شرۆڤەو شیکردنەوەی زانایان دەبێ، هەر کەس ئەمەی کرد، نیشانەی ئەوەیە خوا ویستی خێری بۆی هەیە.

بێگومان لە خزمەت دابوونی قورئان، واتە: لە خزمەت دابوونی خوای بەرز، بە هەمان شێوە لە خزمەت دابوونی فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەر ﷺ، واتە: لە خزمەت دابوونی پێغەمبەری خوا ﷺ، کە هەمان ئەو سیفەتانەت پێ دەبەخشێ کە قورئان بە هاوەڵەکەی دەبەخشێ، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە کردارو گوفتارو ڕەفتارو گشت هەڵسوکەوتەکانی قورئانێکی بەرجەستە کراو بوو کە لەسەر زەوی دەڕۆیشت... پێشم وانیە هیچ کاتێك وەك ئێستا مسوڵمانان ئاوا موحتاجی ئەوە بووبن، جارێکی دی بچنەوە قوتابخانەی پێغەمبەری خوا ﷺ، وەك قوتابیەك لە خزمەتیدا لەسەر چۆك دابنیشن و، گوێ لە فەرمایشتە موبارەکەکانی ڕابگرن و، لەبەری بکەن و، تێی بگەن و، کاری پێ بکەن و، خۆیانی پێ برازێننەوە، پاشان خەڵکی لێ فێر بکەن.

ژیان لەگەڵ فەرموودە شیرینەکانی خۆشەویستی خوا ﷺ تام و چێژو لەززەتی تایبەتی خۆی هەیە، ژیانە لەگەڵ بەڕێزترین مەخلوق، ژیانە لەگەڵ سەرەتای هاتنی وەحی و نبووەت، ژیانە لەگەڵ نەوەیەك کە باشترین

نەوەی سەر زەوی و (خير القرون) بوون، خوا لە هەموویان ڕازی بێ، ژیانە لەگەڵ دونیایەکی زۆر جیا لەم دونیا ماددیە وشکە!

**سیروان کاکە أحمد**

**٢٢/ ٤/ ٢٠٢٠**

**هەولێر**

فەرموودەی

١

# ڕەزامەندی خوات مەبەست بێ

«إِنَّ اللَّهَ لاَ يَقْبَلُ مِنَ الْعَمَلِ إِلاَّ مَا كَانَ لَهُ خَالِصاً، وَابْتُغِيَ بِهِ وَجْهُهُ»[١].

واتــە: بێگومان (لە ڕۆژی دوایی) خوا هیچ کردەوەیەکی باش وەرناگرێ، مەگەر بە پاکی و بە مەبەستی ڕەزامەندی ئەو ئەنجام درابێت.

(١) أخرجه النَّسَائِي: ٣١٤٠، عَنْ أَبِي أُمَامَةَ الْبَاهِلِي قال الألباني: حسن صحيح.

## ڕوونكردنەوە

١- پێویستە لەهەر كارێك كە ئەنجام دەدرێ لە خوا پەرستییەكان، مەبەست تێیدا ڕەزامەندی خوا بێ، وەك خوا دەفەرموێ:

﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ ﴾ البينة: ٥.

واتە: لەگەڵ ئەوەشدا كە فەرمانیان پێ نەدرا بوو، مەگەر بەوەی كە پەرستشی خوا بكەن بە دڵسۆزی ملكەچی بۆ بكەن و، خۆیان بەدوور بگرن لەهەموو بیرو باوەڕێكی خوار و خێچ.

٢- خوا فەرمانی بەوە پێ كردووین دڵسۆز و خۆ یەكلاكەرەوە بین بۆ خوا لەكارەكانمان، كە ئەوە گەورەترین كردەوەی دڵە، هەروەها ئەم ئیخلاصە مەرجی قبوڵ بوونی كردەوەكانە.

٣- بۆیە هەتا بكرێ و بتوانین، خۆمان دوور بگرین لەوەی بەشی نەفسی خۆمان بخەینە پاڵ كارێك، سەرەتا ناوی خوامان لێهێناوەو، بە دڵسۆزی بۆ زاتی ئەو ئەنجاممان داوە.

٤- ئاماژەو ئاڕاستەی ئەم فەرموودە بۆ ئێمەی مسوڵمان ئەوەیە: وریابین، كارێك نەكەین لە سەرەتاوە نیازو مەبەستی غەیری خوای لەگەڵ تێكەڵ بووبێ، چونكە هەر كارێكی لەم شێوە، خاوەنەكەی ڕەنج بەخەسارە لە دونیاو، شەرمەزارە لە قیامەت.

فەرموودەی

٢

# ئاگاداری ئیمانت بە

«عَنْ أَبِي أُمَامَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ رَجُلاً سَأَلَ النَّبِيَّ ﷺ، قَالَ: مَا الإِيـمَانُ؟ قَالَ: إِذَا سَرَّتْكَ حَسَنَتُكَ، وَسَاءَتْكَ سَيِّئَتُكَ، فَأَنْتَ مُؤْمِنٌ»(١).

واتە: ئەبو ئومامە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: پیاوێك پرسیاری كرد لە پێغەمبەر ﷺ، گوتی: ئایا ئیمان چیە؟ (پێغەمبەر ﷺ) فەرمووی: ئەگەر چاكەت كردو دڵخۆش بووی پێی، وە خراپەت كردو دڵتەنگ و پەشێمان بووی لێی، ئەوە تۆ ئیمانداری (واتە: تا ئەو كاتە ئیمانت سەلامەتە).

(١) أخرجه أحمد: ٢٢٢٢٠، وغيره، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط مسلم.

## ڕوونکردنەوە

١- هەموو کەس هەڵەو تاوان دەکات، جیاوازی ئەهلی ئیمان و ئەهلی نیفاق لەوە دایە: ئیماندار خاوەن دڵێکی زیندووە، لە دوای هەڵە دەست بە پەشێمان بوونەوە دەکات، کە ئەوەش نیشانەی هەبوونی ئیمانە لە دڵی، بەڵام دووڕووان بە هۆی مردوویی دڵەکانیان، هەست بە پەشێمان بوونەوەو ترسی دوارۆژ ناکەن.

٢- دڵخۆش بوون بە چاکەکانت، وە هەستکردن بە قبووڵ بوونی لە لای خوا، بێ ئەوەی بە خۆت سەرسام بیت و غرور بتگرێ، وە بشزانی هەموو فەزڵ و منەتی خوایە بە سەرتەوە، ئەوە نیشانەی ئیمانە لە دڵ و دەروونت چەسپاوە.

٣- ئەبو زەڕ خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: گوترا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەبینی (جاری وایە) پیاوێك کارێکی چاك دەکات، خەڵکیش مەدحی دەکەن (لەسەر ئەو کارە چاکە، ئایا ئەوە ڕیایە؟) فەرمووی: ئەوە موژدەیەکی بە پەلەیە (لە دونیا پێش قیامەت) بۆ بڕوادار[1].

٤- هەموو مرۆڤێك ئەم بەخششەی خوای بەرکەوتووە ئەگەر بەکاری بێنێ، کە بتوانێ هەست بەباشی و خراپەی خۆی بکات وەك دەفەرمووێ: ﴿ بَلِ ٱلۡإِنسَٰنُ عَلَىٰ نَفۡسِهِۦ بَصِيرَةٞ ﴿١٤﴾ وَلَوۡ أَلۡقَىٰ مَعَاذِيرَهُۥ ﴿١٥﴾ ﴾. القيامة، واتە: بەڵکو ئینسان خۆی شایەتە بەسەر خۆیەوە (ئەندامەکان شایەتن بەسەریەوە)، هەرچەندە چەندەها پاکانە بکات و بیانوو بهێنێتەوە (بێ سوودو بێ کەڵکە).

---

(١) أخرجه مُسْلِم: ٢٦٤٢، پێشەوا نەوەوی دەڵێ: لە ڕیوایەتی دیکە هاتوە: (ويحبّه النَّاس عَلَيْهِ) واتە: خەڵك خۆشیان دەوێ بە هۆی ئەو کردەوە چاکەوە کە کردوویەتی.

فەرموودەی

٣

# نوێژەکانت بپارێزە

«إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ بِهِ العَبْدُ يَوْمَ القِيَامَةِ مِنْ عَمَلِهِ صَلاَتُهُ، فَإِنْ صَلَحَتْ، فَقَدْ أفْلَحَ وأَنْجَحَ، وَإنْ فَسَدَتْ، فَقَدْ خَابَ وَخَسِرَ»[(١)].

واتە: بە دڵنیایی یەکەم کردەوە کە بەندە لەسەری لێ پرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ لە ڕۆژی دوایی نوێژەکانیەتی، ئەگەر نوێژەکانی باش بوون، ئەوە سەرفراز بووەو ڕزگاری بووە، بەڵام ئەگەر نوێژەکانی خراپ بوون، (واتە: بە تەواوی ئەنجامی نەدابن) ئەوە خەسارەتمەندو زەرەرمەند بووە.

(١) أخرجه الترمذي: ٤١٣، عن أبي هريرة وَصَحَّحَهُ الألباني.

## ڕوونکردنەوە

١- خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿حَٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ ٢٣٨﴾البقرة، واتە: نوێژەکان بپارێزن، یانی: لە ڕووی کات، نوێژەکان لە کاتی خۆیاندا بکەن، ئاگاتان لێ بێ، لە ڕووی ڕواڵەت، بەو شێوە ئەنجامیان بدەن کە شەریعەت دایناوە، وشەکان، ڕکووع و سەجدە و تەحییات، ڕاوەستان و جمو جۆڵەکان هەموو بە ڕێك و پێکی بن[١]، ... هتد.

٢- لە ڕووی نێوەڕۆکەوە، کە لە ڕاستیدا نێوەڕۆك مەبەستی هەرە گەورەی نوێژە، وەك خوا دەفەرموێ: بە ڕاستی بڕواداران سەرفرازن، ئەوانەی کە لە نوێژەکانیاندا گەردنکەچن، بە لێترسان و هەیبەتکردن لە خواوە ڕادەوەستن[٢].

٣- نوێژکەر، دەبێ شوێنەواری نوێژەکەی بەسەرەوە دیار بێت[٣].

٤- وەك مژدەیەکی دڵخۆشکەر و بیرهێنانەوەی بەزەیی خـــوا بۆ بەندەکان پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: یەکەم کردەوە کە بەندە پرسیاری لەسەری لێ دەکرێ لە دواڕۆژ نوێژەکانیەتی، ئەگەر تەواو بوو (باشە)، ئەگەر تەواو نەبوون، خوا دەفەرمووێ: تەماشای سوننەتەکانی بەندەکەم بکەن، ئەگەر بینرا سوننەتی هەیە فەرزەکانی بۆ پێ تەواو بکەن[٤].

(١) تەفسیری قورئانی بەرزو بە پێز، سوورەتی النساء.

(٢) ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي صَلَاتِهِمۡ خَٰشِعُونَ ٢﴾ المؤمنون.

(٣) ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ ٤٥﴾ العنكبوت.

(٤) {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ:إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ بِهِ الْعَبْدُ صَلاتُهُ، فَإِنْ كَانَ أَكْمَلَهَا وَإِلا قَالَ اللَّهُ: انْظُرُوا لِعَبْدِي مِنْ تَطَوُّعٍ، فَإِنْ وُجِدَ لَهُ تَطَوُّعٌ، قَالَ: أَكْمِلُوا بِهِ الْفَرِيضَةَ} أخرجه أبو داود: ٨٦٤، والترمذي: ٤١٣، والنسائي: ٤٦٥ وغيرهم..

فەرموودەی

٤

# ڕۆژووەکانت لێخۆشبوونتن

«مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيْـمَانَـاً وَاحتِسَابَـاً،
غُفِرَ لَـهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ»[١].

واتـە: هەر کەسێك لە (مانگی) ڕەمـەزان ڕۆژوو بگرێ، بە بڕوا پێبوونەوەو، بە خوا پێ مەبەست بوونەوە (واتە: چاوەڕێی پاداشتەکەی لە خوا بکات) ئەوە لە گوناهەکانی ڕابردووی دەبووردرێ.

(١) أخرجه البُخَارِيّ: ١٩٠١، وَمُسْلِم: ١٧٧٨، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ.

## ڕوونکردنەوە

١- هەرچەند ڕۆژووگرتن، ئەرکێکی شەرعییەو، خوا لەسەر ئێمەی داناوەو یەکێکە لە پێنج پایەکانی مسوڵمانیەتی، بەڵام لە چەند ڕووەوە ڕۆژووەوان لێی بەهرەمەند دەبێت، لە ڕووی مەعنەوی: ڕووحی صاف و پاك دەکاتەوە، لە ڕووی ئەخلاقیەوە: وای لێدەکات زیاتر خۆی کۆنترۆڵ بکات، زمانی خۆی بگرێتەوە لە خراپە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە: ئەگەر دەوڵەمەندیش بێت و، هەرگیز برسیشی نەبووبێ، هەست دەکات کە برسییەکان چ ئێش و ژانێکیان هەیە! لە ڕووی تەندروستیەوە: دەبێتە هۆی کۆمەڵێك سوود بۆ لاشە، بۆ وێنە: چەوریی دەتوێنێتەوە، ئیسراحەتێك دەدات بەگەدە، شەکری ناو خوێن ڕێك دەخات... هتد.

٢- ڕۆژوو پارێزەری خاوەنەکەیەتی لە چوونە نێو ئاگری دۆزەخ لە قیامەت، وەك چۆن لە دونیا پارێزەرو قەڵغانیەتی لە گوناهو تاوان.

٣- گەورەیی ڕۆژووگرتن لەوە دایە، ڕۆژووەوان تەنیاو تەنیا مەبەستی ڕەزامەندی خوای بەخشندە بێت، وە چاوەڕێی ئەو پاداشتە بێت، چونکە ڕۆژوو یەکێکە لەو عیبادەتانەی پاداشتەکەی دیاری نەکراوە، خوا دەفەرموێ: بۆ منەو پاداشتەکەی لەسەر منە.

٤- ڕۆژووگرتن، سەرباری سوودە دونیاییەکانی باسمان کرد، لە دوارۆژدا کە کەس لە هانای کەس نایەت، ڕۆژوو دێت بۆ بەرگری کردن لە خاوەنەکەی، تکا لای خوا دەکات، تا خوا لێی خۆشدەبێ، کەسی ڕۆژووەوان دەچێتە بەهەشت، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «**الصِّيَامُ وَالْقُرْآنُ يَشْفَعَانِ لِلْعَبْدِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ**»[1]، واتە: ڕۆژوو و قوڕئان تکاو شەفاعەت بۆ بەندە دەکەن لە ڕۆژی دوایی.

(١) أخرجه أحمد: ٦٦٢٦ ، والحاكم: ٢٠٣٦، وقال: صحيح على شرط مسلم، وَصَحَّحَهُ الألباني.

فەرموودەی
٥

# بانگەواز بۆ ئایین بکە

«مَنْ دَعَا إِلَى هُدًى كَانَ لَهُ مِنَ الأَجْرِ مِثْلُ أُجُورِ مَنْ تَبِعَهُ، لاَ يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئًا، وَمَنْ دَعَا إِلَى ضَلاَلَةٍ كَانَ عَلَيْهِ مِنَ الإِثْمِ، مِثْلُ آثَامِ مَنْ تَبِعَهُ، لاَ يَنْقُصُ ذلِكَ مِنْ آثَامِهِمْ شَيْئًا»(١).

واتە: هەر کەس خەڵکی بەرەو هیدایەت بانگ بکات، بە ئەندازەی هەموو ئەوانەی کە شوێنی کەوتوون (لەقسە و کردارەکانی) پاداشتی هەیە، بێ ئەوەی هیچ لە پاداشتی ئەوانیش کەم ببێتەوە، وە هەر کەسێك خەڵکی بەرەو گومڕایی بانگ بکات، ئەوە بە ئەندازەی هەموو ئەوانەی شوێنی کەوتوون (لەقسە و کردارەکانی) گوناهی هەیە، بێ ئەوەی هیچ لە گوناهی ئەوانیش کەم ببێتەوە.

(١) أخرجه مُسلم: ٦٩٨٠، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ.

## ڕوونكردنەوە

١- فەرمان كردن بە چاكەو ڕێگەگرتن لە خراپە، لەسەر مسوڵمان واجبە، وەك خوا فەرموویەتی: (ئەی مسوڵمانینە!) با كۆمەڵێكتان هەبن بانگەواز بۆ چاكە بكەن و، فەرمان بە شتە پەسندەكان بكەن و، ڕێگری لە شتە ناپەسندەكان بكەن[١].

٢- بیركردنەوەت لەو پاداشتەی كە لەكاتی هیدایەتدانی خەڵكی بەدەستی دەهێنی، پێویستە گەورەترین هۆكارو هاندەرت بێ بۆ ئەوەی بەردەوام بی لەسەر بانگەواز كردنی خەڵكی بۆ شارەزابوون لە ئیسلام[٢].

٣- بە یارمەتیدانی خەڵكی بۆ وەرگرتنی هیدایەت، یارمەتی خوا مسۆگەر دەكەی، ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بەردەوام خوا لە یارمەتیدانی بەندەی خۆی دایە، هەتا بەندە لە یارمەتیدانی (خوشك و) برای خۆی دابێ. بۆیە پێویستە هەمیشە دەستی یەكدی بگرین لەسەر ئەنجامدانی كاری چاك[٣].

٤- یەكێك لە كارە هەرە گەورە و پیرۆزەكانی مسوڵمان بریتیە لە بانگەواز بۆ ئایینی خوا، گومان لەوەش نیە مرۆڤ لە كاتی بانگەواز تووشی گرفتی زۆر دەبێ، بۆیە پێویستە لەسەری خۆی پڕ چەك بكات بە ئیخلاص و ئیمان و تەقواو زانیاریی.

(١) ﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ...﴿١٠٤﴾ ﴾ آل عمران.

(٢) «مَنْ دَلَّ عَلَى خَيْرٍ فَلَهُ مِثْلُ أجْرِ فَاعِلِهِ» أخرجه مُسلم: ٥٠٠٧، عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ.

(٣) «وَاللهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَـوْنِ أَخِيهِ» أخرجه مسلم: ٢٦٩٩، عن أبي هريرة.

فەرموودەی
٦

# پشت بە خوا ببەستە

«لَوْ أَنَّ ابْنَ آدَمَ هَرَبَ مِنْ رِزْقِهِ، كَمَا يَهْرُبُ مِنَ الْمَوْتِ، لَأَدْرَكَهُ رِزْقُهُ، كَمَا يُدْرِكُهُ الْمَوْتُ»[١].

**واتە: ئەگەر ئادەمیزاد لەو ڕزقەی (خوا بۆی داناوە) ڕابكاو هەڵبێ، هەروەك چۆن بە (هەموو شێوەیەك) لە مردن ڕادەكاو هەڵدێ، ئەوە ئەو ڕۆزیەی (خوا بۆی داناوە) دەیگاتێ (لە كات و شوێنی خۆی)، هەروەك چۆن مردنیش (لە كات و شوێنی خۆی) دەیگاتێ.**

(١) أخرجه أبو نعيم في الحلية (٧/٩٠)، عن جابر وَحَسَّنَهُ الألباني في صحيح الجامع: ٥٢٤٠.
بەڵام مسوڵمان دەبێ بزانێ هەموو هەوڵی خۆی بدات بۆ بەدەستهێنانی ئەو رزقەی خوا بۆی داناوە وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {لَوْ أَنَّكُمْ تَوَكَّلْتُمْ عَلَى اللَّهِ حَقَّ تَوَكُّلِهِ لَرَزَقَكُمْ كَمَا يَرْزُقُ الطَّيْرَ، تَغْدُوا خِمَاصاً وَتَرُوْحُ بِطَاناً} أخرجه الترمذي ٢٣٤٤ وقال: حديث حسن صحيح، هەروەها خوا دەفەرموێ: [فامشوا في مناكبها وكلوا من رزقه].

## ڕوونکردنەوە

١- پێشەوا مەناوی دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ بۆیە وای فەرمووە، چونکە خوا ﷻ گرەنتی بژیوو ڕزقی داوە بە هەرچی لەسەر زەوی هەیەو فەرموویەتی: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزۡقُهَا ٦﴾هود، واتە: هیچ گیاندارێك نیە لەسەر زەوی، مەگەر لەسەر خوایە ڕزق و ڕۆزیەکەی.

٢- پاشان خوا ﷻ هەر بەوەندە نەوەستاوە کە گرەنتی ڕزق پێدانیانی کردوە، بەڵکو سوێندی بۆ خواردوون: ﴿وَفِي ٱلسَّمَآءِ رِزۡقُكُمۡ وَمَا تُوعَدُونَ ٢٢ فَوَرَبِّ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ إِنَّهُۥ لَحَقّٞ مِّثۡلَ مَآ أَنَّكُمۡ تَنطِقُونَ ٢٣﴾الذاريات، واتە: وە ڕزق و ڕۆزی ئێوەو ئەو بەڵێنەی پێتان دەدرێ لەئاسمانە، جا سوێند بەپەروەردگاری ئاسمان و زەوی بێگومان ئەوە (ی باسکرا) هەق و ڕاستە بەوێنەی ئەو قسانەی خۆتان دەیکەن.

٣- دواتر هەر بەو سوێندە ئیکتیفای نەکردوە، بەڵکو فەرمانی پێکردوە بە پشت بەستن و، ئاگاداری کردۆتەوەو ترساندوویەتی، کە ئەی بابای مسوڵمان واجبە لەسەرت پشت بە خوا ببەستی: ﴿وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱلۡحَيِّ ٱلَّذِي لَا يَمُوتُ ٥٨﴾الفرقان، واتە: پشت ببەستە بە خوای زیندوو، کە زاتێکە هەرگیز نامرێت.

٤- جا ئەگەر کەسێك، دڵ ئارام نەبوو بە گرەنتی خوا بۆی، قەناعەتی نەبوو بە سوێندی خوا بۆی، وە هیچ گوێی نەدا بەوەی خوا فەرمانی پێکردوە، بێگومان ئەوە لە خەسارەتمەندانە!

بۆیە حەسەنی بەصریی ڕەحمەتی خوای لێبێ، دەڵێ: دەك دووربن لە بەزەیی خوا، ئەوانەی خوا سوێندیان بۆ دەخوات، کەچی بە ڕاستی نازانن و باوەڕی پێناکەن.

فەرموودەی

٧

# نیعمەتی خوات پێوە ببینرێ

«كُلُوا وَاشْرَبُوا وَتَصَدَّقُوا وَالْبَسُوا، فِي غَيْرِ مَخِيْلَةٍ وَلاَ سَرَفٍ،
إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ أَنْ تُرَى نِعْمَتُهُ علَى عَبْدِهِ»[١].

واتە: بـخۆن و بخۆنەوەو ببەخشن و (جل و بەرگی جوان) بپۆشن، بێ ئەوەی کەشخە و فیزو زێدەڕۆیی تێدا بکەن، چونکە بێگومان خوای پەروەردگار پێی خۆشە نیعمەتەکانی بەسەر بەندەکەیەوە ببینرێ.

(١) أخرجه أَحْمَد: ٦٨٠٧، عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده حسن.

## ڕوونکردنەوە

١- ئەم فەرموودە بنچینەیەکە بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ، دانانی بەرنامەیەك بۆ ئەوەی دەیخۆین، دەیپۆشین، دەیبەخشین، بە کاری دێنین.

٢- کەواتە: چیت پێخۆشە بیخۆو بیخۆرەوە، بیبەخشەو بیپۆشە، بەڵام دووربە لەوەی کەشخەو فیزیان پێبکەی، یاخود زێدەڕۆییان تێدا بکەی، چونکە خوا زێدەڕۆییکارانی خۆشناوێ:

﴿ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿٣١﴾ ﴾الأعراف.

واتە: وە بخۆن و بخۆنەوەو زێدەڕۆیی مەکەن، بێگومان خوا زێدەڕۆییکارانی خۆشناوێ.

٣- خوا ﷻ کە ئەم نیعمەتانەت لەگەڵ دەکات، حەز دەکات پێتەوە دیاربێ، بۆیە: پاك و پۆشتە بە، دەستکراوە بە لە بەخشین، کە ئەوە جۆرێکە لە پێشاندانی سوپاسگوزاریی بۆ خوای بەخشەر.

٤- ئەم فەرموودەیە نیشاندەری دەستکراوەیی مسوڵمانانە لە ژیانیاندا لە شتە ڕێگە پێدراوەکان، وە ئاسانکاریی کردنە لە کاروباری خۆیان.

# خۆ دوورگرتن لە چەند ڕەوشت و سیفەتێکی ناپەسند

١- غەیبەت کردن

٢- کەشخەو فیزکردن

٣- دووڕوویی

٤- حەسوودیی

٥- زۆر پرسیار کردن

٦- قسەهێنان و بردن

٧- بە چپەچپ قسە کردن

٨- گاڵتەجاریی

٩- پەیوەندی پچڕاندن

فەرموودەی

٨

# غەیبەت کردن

«لَمَّا عُرِجَ بِي مَرَرْتُ بِقَومٍ لَهُمْ أظْفَارٌ مِنْ نُحَاسٍ يَخْمِشُونَ وُجُوهَهُمْ وَصُدُورَهُمْ، فَقُلْتُ: مَنْ هؤُلاءِ يَا جِبرِيلُ؟ قَالَ: هؤُلاءِ الَّذِينَ يَأكُلُونَ لُحُومَ النَّاسِ، وَيَقَعُونَ فِي أَعْرَاضِهِمْ!»[١].

واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:) کاتێك بەرز کرامەوە (لە شەوڕۆیی) بە لای کۆمەڵێکدا تێپەڕ بووم، نینۆکیان لە مس بوو، دەم و چاوو ڕووخسارو سینگی خۆیانیان پێ دادەڕنی، گوتم: ئەی جبریل ئەوانە کێن؟ فەرمووی: ئەوانەن کە (لە دونیا) گۆشتی خەڵکیان دەخواردو، باسی خەڵکیان دەکردو، دەکەوتنە باس کردنی ناموسی خەڵك!

(١) أخرجه أَبُو دَاوُد: ٤٨٨٠، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، وَصَحَّحَهُ الألباني.

## ڕوونکردنەوە

١- ئیسلام، ئاینی ڕەوشت بەرزیە، فەرمانمان پێ دەکات بەوەی خەڵك لە کردارو گوفتارمان پارێزراو بن، چونکە ئەوە تۆوی ئاشتی و سەلامەتی لە کۆمەڵگە دەچێنێ، ئەمەش یەکێکە لە ئامانجەکانی شەریعەتی ئیسلام.

٢- نابێ ئەو کەسە بێدەنگ بێ کە غەیبەتی لەلا دەکرێ، پێویستە بە کەسی غەیبەتکار بڵێ: پارێز لە سزای خوا بکە، با خۆمان سەرقاڵی خەڵك نەکەین، ئەگەر نا دەبێ بڵێ: تکایە واز لەو غەیبەتە بێنە، چونکە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا ﴿١٢﴾﴾ الحجرات، واتە: لە پاشەملە بە خراپە هەندێکتان باسی هەندێکتان مەکەن.

٣- باس کردنی خەڵك بە زمان حەڕامەو، ئەوانەش بە کردەوە دەکرێ بە ئاشکرا ئەوە دیارە، بەڵام: ئاماژە، جووڵاندنی چاوو برۆو، پەنجە لە گوپ دان و، نووسین و، هەر جۆرە جووڵاندنێکی ئەندامانی جەستە، کە مایەی نوقسان پێشاندانی بەرانبەر بێ، هەموو حەڕامەو غەیبەتە.

٤- یەك وشە، یەك دەریا پیس و بۆگەن دەکات، ڕۆژێك لەلای پێغەمبەر ﷺ باسی ئافرەتێکی بەڕێز لە دایکانی ئیمانداران کرا، کە باڵای ئاواو ئاوایە، یانی: کورتە، پێغەمبەر ﷺ بەو کەسەی فەرموو، وشەیەکت گوت: « لَوْ مُزِجَتْ بِمَاءِ الْبَحْرِ لَمَزَجَتْهُ» واتە: ئەگەر تێکەڵاو بکرێ بە ئاوی دەریا، لێڵی دەکات، جارێکی دی باسی کەسێکیان لەلا کرد، فەرمووی: من پێم خۆش نیە باسی هیچ کەسێك بکەم، بڵێم: ئاواو ئاوای کرد، یانی وەك وی بکەمەوە[1].

(١) أخرجه أبو داود: ٤٨٧٥، والترمذي: ٢٥٠٢، وصححه الألباني.

فەرموودەی

٩

# کەشخە و فیزکردن

«إِنَّ اللهَ أَوْحَى إِلَيَّ أَنْ تَوَاضَعُوا، حَتَّى لاَ يَبْغِيَ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ، وَلاَ يَفْخَرَ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ»[(١)].

واتە: (پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:) خوا وەحی بۆ ناردووم کە سادەو خاکی بن، تا هیچ یەکێکتان ستەم لە یەکێکی دیکەتان نەکات، وە هیچ یەکێکتان شانازی بەسەر کەسی دیکەوە نەکات.

(١) أخرجه مُسْلِم: ٢٨٦٥، عَنْ عِيَاضِ بْنِ حِمَار.

## ڕوونکردنەوە

١- سادەیی و خاکی بوون، یەکێکە لەو سیفەتە جوان و خۆشویستراوانەی ئیسلام فەرمانی پێدەکات، گرنگی و گەورەیی ئەم سیفەتە لەوە دایە زاتی خوا بۆ خۆی داوای لە پێغەمبەر ﷺ کردوە، دەبێ سادەو خاکی بێ، وە پارێزگاری لەم سیفەتەت بکەی.

٢- هەبوونی ئەم سیفەتە لە هەر کەسێکدا، خاوەنەکەی ناچار دەکات بە زۆر ملکەچ بوون بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خواو، خۆ دوورگرتن لە قەدەغەکراوەکانی.

٣- لەم فەرموودەدا زۆر بەڕوونی کەشخەو فیزکردن بەسەر یەکتر قەدەغەکراوە، سەرباری فەرمایشتی خوای گەورە، کە لەسەر زاری (لوقمان) لە کاتی ئامۆژگاری کوڕەکەی دەڵێ: ﴿ وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي ٱلْأَرْضِ مَرَحًا ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿١٨﴾ ﴾لقمان[1].

٤- دەبێ ئەم فەرموودانەو ئەو ئاماژانەی کە تێیدان، هانمان بدەن بۆ پێداچوونەوە بە حاڵی خۆمان، خۆدوورگرتنمان لە خۆبەزلزانین، شانازیی کردنمان بە هەر شتێك کە پێمان وایە زیادە لەسەر خەڵکی دیکە، چونکە دواجار هیچ هی خۆمان نیە، تا شانازیی پێوە بکەین، خاوەنەکەی خوایە، وەك فەرموویەتی: ﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ﴿٥٣﴾ ﴾النحل.

(١) واتە: ئەی کوڕی خۆم! (لەبەر خۆبەزلگریی) ڕووت لە خەڵکی وەرمەگێڕەو زۆر شادمانانە بە زەویدا مەڕۆ، بێگومان خوا هەر لە خۆباییەکی شانازییکەری خۆشناوێ.

فەرموودەی

١٠

## دووڕوویی

«إِنَّ مِنْ شَـرِّ النَّاسِ ذَا الْوَجْهَيْنِ، الَّذِي يَأْتِي هَؤُلَاءِ بِوَجْهٍ، وَهَؤُلَاءِ بِوَجْهٍ»[١].

واتە: بە ڕاستی خراپترین کەس، کەسی دوو ڕووە: دەچێ بۆ لای ئەملا بە ڕوویەك و، بەرەو ئەولاش بە ڕوویەکی دی.

(١) أخرجه مُسْلِم: ٦٧٩٥، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ.

## ڕوونكردنەوە

١- كەسی ڕاستگۆ لەگەڵ نەفسی خۆی، نزیكترین كەسە لە خوای بەرز ﷻ، چونكە ئامانجی تەنیا ڕازی كردنی زاتی خوایە ﷻ، بەڵام كەسی دووڕوو زۆر دوورە لە ڕەزامەندی خوا، ڕەنگە هەر بە دواشیدا نەگەڕێ، ئەوەی مەبەستیەتی ڕازی كردنی بەندە بچووكەكانی وەك خۆیەتی.

٢- گوتراوە: هەر كەس هەموو خەڵك لێی ڕازی بوون دووڕووە، چونكە دەتوانێ شتەكان ڕەونەقدار بكات، جۆرێك لە فرت و فێڵ بەكاربێنێ، بتوانێ هەموو خەڵك قەناعەت پێ بێنێ، بۆیە ئەم جۆرە زیرەكیە زەم كراوە، چونكە بە درۆ تێكەڵ كراوە.

٣- زەقترین سیفەتی دووڕووان زۆر سوێند خواردنە، بۆ ئەوەی قەناعەت بە كەسی بەرانبەر بێنن: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُعۡجِبُكَ قَوۡلُهُۥ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيُشۡهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلۡبِهِۦ وَهُوَ أَلَدُّ ٱلۡخِصَامِ ﴿٢٠٤﴾ ﴾البقرة[١].

٤- تاكە هۆكاری ڕزگار بوون لە دووڕوویی، بریتیە لە خوا بەیەكگرتن، وە حیساب بۆ خوا كردن، تا یەك وێنەی ڕاست و ڕوونت هەبێ لە كەسایەتی و شێوەو ڕووخسارت، ناخت وەك ڕواڵەتت بێ، ئا ئەو كاتە دەبی بە یەك كەس، یەك زمان، یەك ڕوو.

**اللَّهُمَّ! طَهِّرْ قلُوبَنَا مِنَ النِّفاقِ، وَأَعْمَالَنَا مِنَ الـرِّيَاءِ، وَلِسَانَنَا مِنَ الكَذِبِ**

---

(١) واتە: لە خەڵكی هی وا هەیە، كە قسەكردنی لەبارەی ژیانی دنیاوە سەرسامت دەكات و خواش بە شایەد دەگرێ لەسەر ئەوەی كە لە دڵیدایە (كە لەگەڵ ئەوەی بە زمان دەیڵێ هەریەكە) لە حاڵێكدا كە سەر سەختترین دوژمنە (چونكە دووڕووە).

فەرموودەی

١١

# حەسوودیی

«لاَ حَسَدَ إلاَّ فِي اثْنَتَيْنِ: رَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ مَالاً، فَسَلَّطَهُ عَلَى هَلَكَتِهِ فِي الحَقِّ، وَرَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ الحِكْمَةَ، فَهُوَ يَقْضِي بِهَا وَيُعَلِّمُهَا»[١].

واتە: (پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:) حەسوودیی دروست نیە، تەنیا لە دوو شتاندا نەبێ: پیاوێك خوا ماڵی پێداوەو، زاڵیشی کردوە بەسەر خەرجکردنی لە هەقدا، پیاوێکیش خوا حیکمەتی پێداوە، ئەویش بەکاری دێنێ و خەڵکی لێ فێر دەکات.

(١) أخرجه البُخَارِيُّ: ٧٣، ومُسلِم: ١٩٣٣، عَنْ عَبْدَ اللهِ بنَ مَسْعُودٍ.

## ڕوونكردنەوە

١- وشەی (حَسَد) ئەوەیە: خۆزگە بخوازی نیعمەتێك لەسەر كەسێك لابچێ كە شایستەیەتی، وشەی (غِبْطَة) ئەوەیە: كە پێت خۆشبێ، تۆش وەك ئەو كەسەت هەبێ، بێ ئەوەی خۆزگە بخوازی ئەو نیعمەتە لەسەر ئەو لابچێ، كە ئەوە حەڕام نیە، وە زانایان و شەرعزانان گوتوویانە: لەم فەرموودەدا مەبەست لە (حَسَد) بریتیە لە (غِبْطَة)، كە ڕێگە پێدراوە لە ئیسلامدا.

٢- بۆ نموونە: كەسێكە خەڵك خۆشی دەوێ، حورمەت و ڕێزێكی هەیە لە نێو خەڵك، كەسێك پێی ناخۆشە ئەو ڕێزەی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا كە شایستەیەتی، ئنجا جاری وایە سەرەڕای پێخۆشبوون بەوەی كە ئەو نیعمەتەی لێ لابچێ، كابرای حەسوود هەوڵیش دەدات، واتە: زەمی دەكات، دەیەوێ بیشكێنێ لە نێو خەڵك و بە سووكی باسی دەكات، جاری وایە بوختانیشی بۆ هەڵدەبەستێ، ئا ئەوە حەسەدە!

٣- لە ڕاستییدا هەموو دوژمنایەتیەك دەگونجێ كۆتایی بێ، جگە لە كەسێك حەسوودیت پێدەبات، چونكە گوتراوە: (لا عِلاَجَ لِلْحَسَدِ، إمَّا مَوْتُ الحَاسِدِ أَو الـمَحْسُودِ)، واتە: حەسوودی هیچ چارەسەری نیە، یان ئەوەتا دەبێ كەسی حەسوود بمرێ و لەكۆڵ بێتەوە، یان دەبێ كەسی حەسوودی پێ براو وەفات بفەرموێ.

٤- لەبەر زیانە زۆرەكانی حەسوودییە، خوای بەرز ئایەتی ناردۆتە خوار، بۆ خۆپاراستنمان لە حەسوودی حەسوودبەران: ﴿ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ٥ ﴾الفلق، واتە: وە لەشەڕی كەسی حەسود كاتێك حەسوودی دەبات.

فەرموودەی

١٢

# زۆر پرسیار کردن

«إِنَّ اللَّهَ كَـرِهَ لَـكُمْ ثَلَاثَـاً: قِيْلَ وَقَالَ، وَإِضَاعَةَ الْمَالِ، وَكَـثْـرَةَ السُّؤَالِ»(١).

واتە: بێگومان خوا سێ شتی بۆ ئێوە پێ ناخۆشە: (کەسێك هەر قسان بگێڕێتەوەو بڵێ:) وا دەڵێن و گوتی، ماڵ بە فیڕۆدان و زێدەڕۆیی کردن لە خەرج کردنیداو، زۆر پرسیار کردن.

(١) أخرجه البخاري: ١٤٠٧ عن المغيرة.

## ڕوونکردنەوە

١- هەر قسەو کردەوەیەك کە خوا بۆ ئێمە پێی ناخۆش بێ، پێویستە خۆمان بە دووربگرین لە گوتن و ئەنجامدانیان.

٢- زۆر قسە نەکردن و، نەگێڕانەوەی هەر چیرۆك و ڕووداوو قسەیەك، کە دڵنیانیت لە ڕاست و دروستیەکەی.

٣- زێدەڕۆیی نەکردن لە خەرجکردنی ماڵ، واتە: لە شتێك خەرج نەکرێ کە شوێنی خۆی نەگرێ.

٤- زۆر پرسیار نەکردن لە خەڵك، بە تایبەت کە پێویستت بە زانینی ئەو وەڵامە نەبێ، وەك خۆشەویست ﷺ فەرموویەتی: **«مِنْ حُسْنِ إِسْلامِ اَلْمَرْءِ, تَرْكُهُ مَا لا يَعْنِيهِ»**[1]، واتە: لە جوانی و باشی مسوڵمانەتی ئەوەیە، مرۆڤ پرسیار لە شتێك نەکات کە پەیوەندی بەوەوە نیە.

بەڵام پرسیار کردن بۆ بە دەستهێنانی زانیاریی پێویست، بە تایبەت لە بواری شەرعیی ڕێگەدراوەو مەدح کراوە، دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: **«نِعْمَ النِّسَاءُ نِسَاءُ الأَنْصَارِ لَمْ يَكُنْ يَمْنَعُهُنَّ الْحَيَاءُ أَنْ يَتَفَقَّهْنَ فِي الدِّينِ»**[2]، واتە: باشترینی ئافرەتان، ئافرەتانی پشتیوانانن، شەرم و حەیا ڕێگر نەبوو لەوەی (پرسیار بکەن بۆ ئەوەی) لە دین تێبگەن.

---

(١) أخرجه الترمذي: ٢٣١٨، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي اللّه عنه، وَحَسَّنَهُ الألباني.

(٢) أخرجه مسلم: ٧٧٦، عن عائشة رضي الله عنها.

فەرموودەی

١٣

# قسەهێنان و بردن

«لا يَدْخُــلُ الْجَنَّــةَ قَـتَّاتٌ»(١).

واتە: (ڕاستەوخۆو بەبێ حیساب و لێپرسینەوە) ناچێتە بەهەشت ئەو کەسەی قسە دێنێ و دەبات لە نێوان خەڵك (بۆ ئاشووب نانەوە).

(١) أخرجه البُخاري: ٥٧٠٩، وَمُسْلِم: ٣٠٤ عَنْ حُذَيْفَةَ.

[قتات] لەبەرئەوەی تاوانەکەی زۆر گەورەیە بۆیە ئەم سزایەی بۆ دانراوە، ماناکەی:

١- ڕەنگە ئەو کەسە لە پشت دەرگا گوێی گرتبێ.

٢- یان بە ئامرازێك قسەکان بگوازێتەوەو بیگۆڕێ.

٣- یاخود نامەی مۆبایل دەدزێ، دەیبات بەمەبەستی ئاشووب.

## ڕوونکردنەوە

١- هەڕەشەیەکی زۆر گەورە لەم فەرمووده هەیە، کە دەفەرموێ: ئەو کەسەی قسە دێنێ و دەبات لە نێوان خەڵك، بۆ تێکدانی نێوانیان ناچێتە بەهەشت!! جا ئایا هەواڵ لەوە ناخۆشتر هەیە هەر لە دونیا پێت بگوترێ: تۆ لەو کەسانە نیت، کە بە بێ حیساب دەچنە بەهەشت؟! ئایا لەوە ناخۆشتر هەیە، پێت بگوترێ: بە هۆی ئەو سیفەتەی کە هەتە، شایەنی چوونە نێو ئاگری؟! ئایا لەو هەواڵە هەیە زیاتر دڵتووندت بکات، کە هەر لە دونیا بزانی ئەهلی دۆزەخی؟! ئایا لەوە ناخۆشتر هەیە هەر لە دنیا بزانی لە نێو گۆڕ سزات بۆ دانراوە، بە هۆی قسەهێنان و بردن لە نێوان خەڵك بۆ نانەوەی ئاشووب؟

٢- قسەهێنان و بردن لە گوناهە گەورەکانە، چونکە سەرەنجامی زۆر خراپی هەیە، بۆیە گوتراوە: ئەوەی کەسی نەممام دەیکات لە ساتێك، ساحیر ناتوانێ بیکات لە ماوەی ساڵێك.

٣- هاوکاری کردنی مسوڵمانان لە نێوان خۆیان بە هەموو شێوەکانیەوە فەرمانی خوایە[1]، ئەمەش لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی مسوڵمانان خوشك و برای یەکدین.

٤- جا لەبەر گەورەیی ئەم کارەو پیرۆزی لە ئیسلام دا، ئەگەر ئەو کەسەی لە نێوان دوو کەس، یان دوو کۆمەڵ، دێ و دەچێ بۆ ئەوەی ئاشتیان بکاتەوە، قسەی ناڕاستیش بکات بۆ ئاشتکردنەوەیان بە درۆزن دانانرێ و بەڵکو پاداشتیشی هەیە، ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: بە درۆزن دانانرێ ئەو کەسەی قسە ڕێك دەخاو نێوانی خەڵکی پێ چاك دەکاتەوەو لە نێوانیان قسە دێنێ و دەبات، یان قسەی خێر دەکات[2].

---

(١) ﴿وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۝٢﴾ المائدة، واتە: هاوکاری یەکدی بکەن لەسەر چاکەکاریی و پارێزکاریی.

(٢) «لَيْسَ الْكَذَّابُ الَّذِي يُصْلِحُ بَيْنَ النَّاسِ فَيَنْمِي خَيراً...» أخرجه البُخاري: ٢٥٤٦، أُمِّ كُلْثُومٍ بِنْتِ عُقْبَةَ

فەرموودەی

١٤

# بە چپەچپ قسە کردن

«إِذَا كُنْتُمْ ثَلاَثَةً، فَلاَ يَتَنَاجَى اثْنَانِ دُونَ صَاحِبِهِمَا، فَإِنَّ ذَلِكَ يُحْزِنُهُ»[١].

واتە: ئەگەر ئێوە سێ کەس بوون، با دووانتان جیانەبنەوە لە هاوەڵەکەیان و چپەچپ بکەن، چونکە ئەو (هەڵسوکەوتە) دەبێتە هۆی ئەوەی (هاوەڵەکەیان) دڵتەنگ بێت.

(١) أخرجه البُخَارِيُّ: ٥٩٣٢، وَمُسْلِمٌ: ٢١٨٤، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود.

## ڕوونکردنەوە

١- لە گرنگترین ئەو سیفەتانەی ئیسلام جەختی لێدەکاتەوە، بریتیە لە ڕێزگرتنی خەڵکانی دیکە، باشبوون لەگەڵیان، بە جۆرێك هەڵسوکەوت بکەی، هیچ گومان و دوودڵیەکیان بەرانبەرت نەبێ.

٢- سوننەتی صەحیح ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، چونکە گومان لەوەدا نیە، کەسی سێیەم پێی دڵتەنگ و خەفەتبار دەبێ، سەرەنجام ڕەنگە تووشی گومانی خراپ ببێ.

٣- لە سێ حاڵەت ئەم چپە چپە دروستە: (الصَدَقَة): دوو کەس پێکەوە ڕاوێژ بکەن، کە یارمەتی کەسێك بدەن و، هاوکاری ماددیی بکەن، (الْمَعرُوف): یاخود چاکەیەکی مەعنەویی لەگەڵدا بکەن، یان ئامۆژگاری بکەن، یان لە هەڵەیەك بیگێڕنەوە، (الإصلاح) یاخود ئەو چپەچپە بۆ ئاشتەوایی و پێکهێنانەوەی خەڵك بێ.

٤- دەبێ هەموومان ئەوە بزانین کە هۆکاری زۆر جەختکردنەوەی ئیسلام بۆ خۆ دوورگرتنی مسوڵمانان لەم سیفەتە، بریتیە لە دووربوونیان لە پەرت پەرت بوون، وە بۆ دڵ صاف بوون و، گومانی باش بە یەکتر بردن و، خۆشەویستی دروست بوون لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی مسوڵمانان، بە مسوڵمان و غەیری مسوڵمانەوە.

فەرموودەی

١٥

# گاڵتەجاریی

«وَيْلٌ لِلَّذِي يُحَدِّثُ فَيَكْذِبُ، لِيُضْحِكَ بِهِ الْقَوْمَ، وَيْلٌ لَهُ، وَيْلٌ لَهُ»[١].

واتە: سزای سەخت بۆ ئەو کەسەی قسە دەکاو درۆی (تێدا) دەکات، بۆ ئەوەی خەڵك پێی پێبکەنن، سزای سەخت بۆ وی، سزای سەخت بۆ وی.

(١) أخرجه أَبُو دَاوُدَ: ٤٩٩٢، عَنْ بَهْزِ بْنِ حَكِيمٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جدّهِ، وَحَسَّنَهُ الألباني.

## ڕوونكردنەوە

١- پێویستە لەسەرمان جێبەجێكاری فەرمانی خوا بین، كە فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ١١٩﴾التوبة، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە، پارێز لە خوا بكەن و لەگەڵ ڕاستگۆیان بن، كە بێگومان گاڵتەوگەپ و نوكتە گێڕانەوە زۆربەی درۆو هەڵبەستراون.

٢- ئینسان ئەگەر چەند جارێك درۆی كرد، ئیدی پێی ڕادێ، بۆیە نابێ مسوڵمان بە هیچ جۆرێك لە خۆی بوەشێنێتەوە كە درۆ بكات، بۆ ئەوەی نەبێتە خوویەك و پێی ڕا بێ، جگە لەمەش دەبێ هەوڵبدەین كەسایەتیمان لەكەدار نەكەین، تا لە نێو خەڵك بە كەسانی نوكتەچی و قسەكەری بێ بنەما نەناسرێین.

٣- زۆر جار گوتنی نوكتەیەك، بووەتە هۆی كێشەو گرفتی گەورەو، گوناهی گەورەی بە دوای خۆیدا هێناوە، وەك تانەو تەشەر دان لە گەلێك، یان كۆمەڵێك، یان عەشیرەتێك، وای كردوە دوو كەس جنێو بە یەكدی بڵێن، وە پەیوەندی خزمایەتی بپچڕێنن، تەنانەت بە دەست ئازاری یەكدی بدەن، ئەمەش هەموو سەرەنجامی درۆ كردن و بوختان بۆ یەكدی هەڵبەستنە.

٤- نابێ هەر قسەیەكمان بیست یەكسەر بڵاوی بكەینەوە، پێش ئەوەی بزانین ئایا ڕاستە یان درۆ، خوا لەم بارەوە فەرموویەتی: ﴿إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ ٦﴾الحجرات[1].

(١) واتە: ئەگەر كەسێكی لادەرو فاسیق هەواڵێكی بۆ هێنان، لێی بكۆڵنەوەو تەئكید بكەنەوە لە ڕاستیەتی هەواڵەكەی ( و یەكسەر بڵاوی مەكەنەوە).

فەرموودەی

١٦

# پەیوەندی پچڕاندن

«إِنَّ أَعْمَالَ بَنِي آدَمَ تُعْرَضُ كُلَّ خَمِيسٍ لَيْلَةَ الْجُمُعَةِ، فَلاَ يُقْبَلُ عَمَلُ قَاطِعِ رَحِمٍ»[١].

واتە: بە دڵنیایی کردەوە (چاکە)کانی ئادەمیزاد بەرزدەکرێنەوەو ڕادەنوێنرێن (بۆ خوای پەروەردگار)، هەموو پێنج شەممەیەکی شەوانی هەینی، کردەوەی ئەو کەسانە وەرناگیرێ کە پەیوەندی خزمایەتیان پچڕاندوە.

(١) أخرجه أَحْمَد: ١٠٢٧٧، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قال شعيب الأرنؤوط: إِسْنَادُهُ حَسَنٌ.

## ڕوونکردنەوە

١- هەبوونی پەیوەندی خزمایەتی بەڵگەیە لەسەر هەبوونی ئیمان بە خواو بە ڕۆژی دوایی، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك بڕوای بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە، با پەیوەندی خزمایەتی بەجێ بگەیەنێت[1].

٢- هەرکەسێك پەیوەندی خزمایەتی بپچڕێنێ، ئەوە با بزانێ بەڵێن و پەیمانێکی شکاندوە، کە لەگەڵ خوا بەستوویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهۡدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقۡطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ.. ٢٧﴾البقرة، واتە: ئەوانەی کە پەیمانی خوا پاش پتەوکردنی هەڵدەوەشێننەوەو، ئەوەی کە خوا فەرمانی پێکردوە بگەیەنرێ...

٣- یەکێك لە هۆکارەکانی چوونە بەهەشت بریتیە لە بەجێ هێنانی پەیوەندی خزمایەتی، وەك لەم فەرموودەدا هاتوە: پیاوێك بە پێغەمبەری ﷺ گوت: هەواڵم پێبدە بە کردەوەیەك (کە بیکەم و) بمباتە بەهەشتەوە، فەرمووی: خواپەرستە و هیچ شتێکی بۆ بە هاوەڵ دامەنێ، وە نوێژ بەرپابکەو چاك ئەنجامی بدە، زەکاتیش لە ماڵەکەت دەربکەو، پەیوەندی خزمایەتی بەجێ بهێنە[2].

٤- خوا ﷻ زۆر ڕقی لە دوو کردەوەیە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: **«أَبْغَضُ الأَعْمَالِ إِلى اللهِ الإِشْرَاكُ بِاللهِ، ثُمَّ قَطِيعَةُ الرَّحِمِ»**[3] واتە: بوغزێنراوترینی کارە (خراپەکان) لە لای خوا ﷻ بریتیە لە: هاوبەش بۆ خوا پەیداکردن، پاشان پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی.

---

(١) «مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيَصِلْ رَحِمَهُ» أخرجه البُخارِي: ٥٧٨٤، وَمُسْلِم: ١٨٢، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

(٢) {عَنْ أَبِي أَيُّوب رضي الله عنه: أنّ رَجُلًا قَالَ للنَّبِيِّ ﷺ: أَخْبِرْنِي بِعَمَل يُدْخِلُنِي الجَنَّة، قَالَ: «تَعْبُدُ اللهَ، وَلَا تُشْرِكُ بِهِ شَيْئاً، وَتُقِيمُ الصَّلَاةَ، وَتُؤْتِي الزَّكَاةَ، وَتَصِلُ الرَّحِمَ»} أخرجه البُخاري: ١٣٣٢، ومُسْلِم: ١٣.

(٣) أخرجه أَبُو يَعْلَى: ٦٨٣٩، عن رجل من خثعم، قَالَ الْمُنْذِرِيُّ: إِسْنَادهُ جَيد، وحَسَّنَهُ الألباني.

فەرموودەی

١٧

# خۆچوواندنی پیاوان و ئافرەتان بەیەکدی

«لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: المُتَشَبِّهِينَ مِنَ الرِّجَالِ بالنِّسَاءِ، وَالمُتَشَبِّهَاتِ مِنَ النِّسَاءِ بالرِّجَالِ»[١].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرینی کردوە لە پیاوانێکی خۆچووێنەر بە ئافرەتان، لە ئافرەتانێکی خۆچووێنەر بە پیاوان.

(١) أخرجه البخاري: ٥٥٤٦ ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ.

## ڕوونکردنەوە

١- نەفرین کردن بۆ هەر گوناهێك، نیشانەی گەورەیی ئەو گوناهە دەگەیەنێ، چونکە نەفرین واتە: دوورخستنەوەو دوورکەوتنەوە لە بەزەیی خوا، بە تایبەت دوعایەك پێغەمبەر ﷺ بیکات، یان بفەرموێ: خوا نەفرینی کردوە، بواری ڕەتکرانەوەی تێدانیە، مەگەر کەسی گوناهبار تەوبەی یەکجاری بکات لەم گوناهە.

٢- پیاوان بەوە جوانن، سیفەتی پیاوەتیان تێدا ببینرێ، بە هەمان شێوە بۆ ئافرەتانیش وایە، هەتا سیفەتی ئافرەتانەیان تێدا ڕەنگبداتەوە، جوانتر دێنە پێش چاوی ڕەگەزی بەرانبەر.

٣- بە داخەوە ئەوەی لە ڕۆژگاری ئێمە دەگوزەرێ، زۆر قێزەونە، کوڕ تەواو خۆی کردۆتە کچ، هێندە ناسك و نەرم و نیان و بەنازن، ڕەنگە کچێکی ئاسایی وا نەبێ، جا هەر لە هەڵگرتنی برۆ، دەموچاو کردن و خۆڕازاندنەوەو بەردەوام لە دیار ئاوێنە بوون و تەنانەت مکیاج کردن و ... هتد، ڕەنگە بەشێك لە کچان ئەم توانایەیان نەبێ، بە پێچەوانەوەش کچی وا هەیە، زۆر لە پیاوان پیاوانەتر خۆی دەردەخات، لە پۆشینی بەرگ، لە هەڵسوکەوتی، لە نەبوونی شەرم و، لە زێدەڕۆیی لە زبر بوون، وەك: بڵێی کچایەتی و ژنایەتی خۆی پێ کەم بێت!

٤- لەم خاڵەدا ئەم بەسەرهاتە دەگێڕمەوە: ڕۆژێك مامۆستایەك گوتی: لە دانیشتنێك بووین، ئافرەتێك هەڵسا هەندێ قسەی کردن، دوای تەواو بوون، گوتی: مامۆستا توخوا قسەی پیاوانەم نەکرد؟! گوتی: منیش گوتم: نا تۆ ئافرەتی، قسەی شێرە ژنانەت کرد!!

# چەند فەرموودەیەک
# دەربارەی هاوسەرگیریی

فەرموودەی

١٨

# هاوسەرگیریی نیوەی دینداریی تەواو دەکات

«إِذَا تَزَوَّجَ العَبْدُ فَقَدِ اسْتَكْمَلَ نِصْفَ الدِّينِ، فَلْيَتَّقِ اللهَ فـي النِّصْفِ البَاقِي»[١].

**واتە: هەر بەندەیەك (کوڕ، یان کچ) هاوسەرگیریی کرد، ئەوە بە دڵنیایی نیوەی دینداریەکەی تەواو بووە، دەی با پارێز لەو نیوەی دیکە بکات کە ماوە.**

(١) أخرجه البيهقي في شعب الإيمان: ٥٤٨٦، عن أنس بن مالك، وقال الهيثمي في مجمع الزوائد ج٤ ص ٢٥٥، روى باسنادين وفيهما يزيد الرقاشي وجابر الجعفي وكلاهما ضعيف، وقد وثقا، وصححه الألباني.

## ڕوونکردنەوە

١- دەربارەی گەورەیی هاوسەرگیریی خوا فەرموویەتی: ﴿ وَمِنۡ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا لِّتَسۡكُنُوٓاْ إِلَيۡهَا وَجَعَلَ بَيۡنَكُم مَّوَدَّةٗ وَرَحۡمَةًۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَـٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ٢١ ﴾الروم.[1].

٢- بێگومان هاوسەرگیریی بنچینەی هەموو کۆمەڵگایەکە، بەرپرسیاریەتیەکی هاوبەشە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، شەریعەتی ئیسلام تاکەکانی کۆمەڵگا هان دەدات بۆ ئەم پرۆسەو، بە یەکێك لە سوننەتەکانی پێغەمبەری ﷺ هەژمار کردوە.

٣- هەم کچ، هەم کوڕ، کاتێك زەواج دەکەن، هەردووکیان بە هۆی یەکدییەوە لە زۆر گوناهان دەگەڕێنەوە، وەك لەم فەرموودە ئاماژەی بۆ کراوە: «**مَنْ رَزَقَهُ اللَّه امْرَأَةً صَالِحَةً فَقَدْ أَعَانَهُ اللَّه عَلَى شَطْرِ دِينِهِ..**»[2]، واتە: هەر کەسێك خوا ئافرەتێکی دیندارو چاکی کردە قسمەت، ئەوە هاوکاری کردوە لەسەر نیوەی دینداریەکەی..

٤- هاوسەرگیریی داوێنپاکییە، داوێن پاکیش یەکێك لەو دوو خەسڵەتەیە کە پێغەمبەر ﷺ بەڵێنی چوونە بەهەشتی بە خاوەنەکانیان داوە، ئەوانیش: ئەوەی لە نێوان دوو لێوەکانە بپارێزێ (زمان)، وە ئەوەی لە نێوان ڕانەکانە بپارێزێ، کە بێگومان هاوسەرگیریی شەرعی ئەوەی دووەم زامن دەکات.

---

(١) لە نیشانەکانی (خوا) ئەوەیە کە لە ڕەگەزی خۆتان بۆی دروست کردوون (ڕەگەزی مرۆڤ) هاوسەرانێك بۆ ئەوەی ئارام بگرن لەلایانداو، خۆشەویستی و بەزەیی خستۆتە نێوانتان، بەڕاستی لەوەدا نیشانانێك هەیە بۆ کەسانێك کە کەبیر دەکەنەوە.

(٢) أخرجه الحاكم: ٢٦٨١، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، وقال: صحيح الإسناد، وحسنه الألباني.

فەرموودەی
**١٩**

# کاتێک کچ بە زەبرو زۆر بەشوو دەدرێ

«عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا: أَنَّ جَارِيَةً بِكْرًا أَتَتِ النَّبِيَّ ﷺ فَذَكَرَتْ أَنَّ أَبَاهَا زَوَّجَهَا وَهِيَ كَارِهَةٌ، فَخَيَّرَهَا النَّبِيّ ﷺ»[(١)].

واتە: ئیبنو عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ) دەگێڕێتەوە، کچێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ باسی کرد، کە باوکی بە شووی داوەو، خۆی پێی ناخۆشە (هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەو کەسە بکات، کە باوکی پێیداوە)، پێغەمبەر ﷺ سەرپشکی کرد (پێی فەرموو: دەتەوێ بەردەوامبە، ناتەوێ هەڵی دەوەشێنینەوە).

(١) أخرجه أبو داود: ٢٠٩٦، وَصَحَّحَهُ الألباني.

## ڕوونکردنەوە

١- زۆر ئاساییە، کاتێك خوشکێك ستەمی لێ دەکرێ، هانا ببات بۆ لای کەسێکی ئەمیندارو دیندار، بۆ ئەوەی سکاڵای خۆی لەلا بکات و، داوای وەرگرتنەوەی مافەکەی بکات.

٢- کچ بە هیچ جۆرێك نابێ ڕێی لێ بگیرێ بۆ ئەوەی شوو بکات بە کەسێك خۆی دەیەوێ، تەنها لە دوو حاڵەت دا نەبێ، (ولي أمر)ی تەدەخول دەکەن:

أ- ئەگەر کابرا لە ڕووی دینداریی هاوکوف نەبوو، بێ دین بوو، یان نوێژنەکەر بوو.

ب- ئەگەر لە ڕووی کەسایەتی و ڕەوشت و هەڵسوکەوتەوە، کەسێکی گونجاو نەبوو.

٣- هەر کات کچ ڕازی نەبوو بەو کەسەی بۆیان دیاری کردوە کە شووی پێ بکات، هەتا ئەگەر زۆریشی لێکرا، ئەم مارەییە دانەمەزراوەو بوونی نیە، خاوەنی ئەم کارەش بێگومان گوناهبارن.

٤- لەم جۆرە فەرموودانە بۆمان دەردەکەوێ، پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ ئەوەی فەرموویەتی، کردوویەتی، پێشەوایەك بووە بە مانای وشە، هەوڵیداوە، مافی خاوەن مافە زەوتکراوەکان بۆ خاوەنەکانیان وەربگرێتەوەو، بەرگریان لێبکات.

فەرموودەی

٢٠

# نیشانەی ڕازی بوونی کچ

«لَا تُنْكَحُ الأَيِّمُ حَتَّى تُسْتَأْمَرَ, وَلَا تُنْكَحُ الْبِكْرُ حَتَّى تُسْتَأْذَنَ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ! فَكَيْفَ إِذْنُهَا قَالَ: أَنْ تَسْكُتَ»[(١)].

واتە: بێوەژن مارە نابڕدرێ تا قسەو فەرمانی لێ وەرنەگیرێ، کچیش مارە نابڕدرێ تا مۆڵەتی لێ وەرنەگیرێ، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ مۆڵەت وەرگرتنی کچ چۆنە؟ فەرمووی: بێدەنگ بوونیەتی.

(١) أخرجه البُخَارِيّ: ٦٥٦٩، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ.

## ڕوونکردنەوە

١- بۆ ئەوەی بێوەژنێك بە شوو بدرێ، دەبێ قسەی لەگەڵ بکرێ و، ڕازی بوونەکەی بە زمان دەرببڕێ، بڵێ: ڕازیم لە فڵان مارە بکرێم و، فڵان کەس ببێتە هاوسەری ژیانم.

٢- بەڵام بۆ کچ پێویست ناکات بە قسە ڕەزامەندی دەرببڕێ، بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەی هەیانە، کچ بێدەنگ بوونیان بە ڕازی بوون بۆ هەژمار کراوە.

٣- وەك لەم فەرموودە هاتوە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فلان ماڵ دەیانەوێ کچەکەیان بە شوو بدەن، ئایا مۆڵەتی لێوەربگرن، یان نا؟ فەرمووی: بەڵێ، با مۆڵەتی لێوەربگرن، (دایکمان عائیشە دەڵێ:) گوتم: کچەکە شەرم دەکات قسە بکات؟ پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: ئێ ئەوە مۆڵەتەکەیە، ئەگەر بێ دەنگ بوو، واتە: ڕازییە[(١)].

٤- بێگومان ئەمە بایەخ و گرنگ پێدانی شەریعەتی ئیسلام دەگەیەنێ بۆ ڕەچاوکردنی دڵی ئەم جۆرە ئافرەتانە، کە دڵتەنگ و خەفتاربن، بە لە دەست دانی خۆشەویسترین کەسی، کە هاوبەشی ژیانی بووە، یاخود بە جیابوونەوەو دوورکەوتنەوەی لە هاوبەشی ژیانی.. بۆیە ئەم ئیسلامە سەرتاپای ڕەحمەت و بەرەکەتە بۆ مرۆڤایەتی، ئەوانەی لێی بەهرەمەندن، کە لێی تێدەگەن.

(١) {قَالَ ذَكْوَانُ مَوْلَى عَائِشَةَ سَمِعْتُ عَائِشَةَ تَقُولُ سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ عَنِ الْجَارِيَةِ يُنْكِحُهَا أَهْلُهَا أَتُسْتَأْمَرُ أَمْ لاَ؟ فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «نَعَمْ تُسْتَأْمَرُ»، فَقَالَتْ عَائِشَةُ فَقُلْتُ لَهُ: فَإِنَّهَا تَسْتَحْيِي، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «فَذَلِكَ إِذْنُهَا إِذَا هِيَ سَكَتَتْ»} أخرجه مسلم: ٣٥٤٠.

فەرموودەی

٢١

# بەرەکەت لە ئاسانی مارەییەکاندایە

«خَيْرُ اَلصَّدَاقِ أَيْسَرُهُ»[١].

واتە: باشترین و پڕ بەرەکەتترین (هاوسەرگیریی) ئەوەیە مارەییەکەی کەم بێ.

(١) أخرجه الحاكم في المستدرك: ٢٧٤٢، عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ، وقال: صحيح على شرط الشيخين ولم يخرجاه، وقال ابن كثير اسناده جيد (إرشاد الفقيه ١٧١/٢).

## ڕوونكردنەوە

١- هاوسەرگیریی یەكێكە لە نیعمەتەكان و، ئایەتێكە لە ئایەتەكانی خوای بەرز، چەندان هۆكارو حیكمەت هەن دەخوازن ئەم پڕۆسە لە نێو مرۆڤایەتیدا ئەنجام بدرێ، كە بێگومان هەر كۆسپێك بخرێتە بەردەم ئەم پرۆسە، دەبێتە هۆی نانەوەی پشێوی لە كۆمەڵگەو لەبار بردنی ئەم حیكمەتانەی لەم پرۆسەدا بە ئامانج گیراون.

٢- خوا بەڵێنی بەو بەندە صاڵحانەی داوە كە هاوسەرگیریی دەكەن، لە بەخششی خۆی دەوڵەمەندیان دەكات، وەك دەفەرموێ: (ئەی بڕوادارینە!) هاوسەرگیریی بۆ پیاوان و ئافرەتانی بێ هاوسەر بكەن، هەروەها بۆ كۆیلە و كەنیزەكە چاكەكانتان، ئەگەر گریمان (ئەو پیاوو ئافرەتە بێ هاوسەرانە) هەژاریش بن، ئەوە خوا لە بەخششی خۆی (پێیان دەبەخشێ و) بێ نیازیان دەكات[1].

٣- خوا فەرموویەتی: ﴿ وَءَاتُواْ ٱلنِّسَآءَ صَدُقَٰتِهِنَّ نِحۡلَةٗ ﴿٤﴾ ﴾ النساء، واتە: مارەیی ئافرەتان مافێكی ڕەوای خۆیانە، (لەسەر پیاوەكان) پێویستە پێیان بدەن، وە زۆربەی زانایان دەڵێن: مارەیی، مافی كچە، كەس بۆی نیە لێی بخوات.

٤- وەك باسمان كرد، پڕۆسەكە لەوە گەورەترە، كە ئێمە لێی تێگەیشتووین، بۆیە كۆسپ خستنە بەردەم ئەم پڕۆسەیە، كارێكە زۆر هەڵەیەو پێچەوانەی سوننەتە، لە زیاد كردنی مارەیی و زێدەڕۆیی كردن لە داواكارییەكان، كە گەنج دەستەوسان دەكات، بە جۆرێك ناتوانێ بچێتە نێو ئەم پڕۆسەیەوە.

---

(١) ﴿ وَأَنكِحُواْ ٱلۡأَيَٰمَىٰ مِنكُمۡ وَٱلصَّٰلِحِينَ مِنۡ عِبَادِكُمۡ وَإِمَآئِكُمۡ... ﴿٣٢﴾ ﴾ النور.

فەرموودەی

٢٢

# کێ شایستەی کچ پێدانە؟

«إِذَا جَاءَكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَأَنْكِحُوهُ، إِلَّا تَفْعَلُوا، تَكُنْ فِتْنَةٌ فِـي الأَرْضِ وَفَسَادٌ»[١].

واتە: هەر کاتێك کەسێك هاتە لاتان (داوای کچ، یان خوشکتانی کرد) ئەگەر لە دینداریی و ڕەوشتەکەی ڕازی بوون، ئەوە لێی مارە بکەن، ئەگەر ئەمە نەکەن ئەوە ئاشووب و خراپەکاری لەسەر زەوی بڵاو دەبێتەوە.

(١) أخرجه التِّرمِذِي: ١٠٨٥، عَنْ أَبِي حَاتِمٍ الْمُزَنِيِّ، قَالَ أَبُو عِيسَى: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ.

## ڕوونکردنەوە

١- پێشەوا مالیك ڕەحمەتی لێبێ، دەڵێ: ئەوەی پێویستە ڕەچاو بکرێ لە پرۆسەی هاوسەرگیری، بریتیە لە دینداریی بە تەنیا، بۆیەش زانایان گوتوویانە: با زاواکانتان پارێزکارو تەقواداربن، چونکە ئەگەر کچەکەتانی خۆشویست، ڕێزی لێ دەگرێ، وە ئەگەر کچەکەشتانی خۆشنەویست، لە ترسی خوا ستەمی لێ ناکات.

٢- ئەوانەی پێچەوانەی ئەم فەرمایشتە مامەڵە دەکەن و، جگە لە دین، شتە دونیاییەکانی دی دەکەنە پێوەر بۆ پێدانی کچەکانیان، وەك ماڵ و سامان و ڕەچەڵەك و ...هتد، باش بزانن پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ مامەڵە دەکەن.

٣- زانایان زۆر باسیان لە مەسەلەی هاوکوف بوون و، لێك نزیك بوونی کچ و کوڕ، یان ژن و پیاو کردوە، هەندێك پێیان وایە: پێویستە هەردوو لایەن نزیکی یەکتر بن لە ڕووی دینداریی، ڕەچەڵەك، ماڵ و سامان، ئیش و کار، دوور بوون لە عەیبی جەستەیی و دەروونی، تەنانەت هەندێك دەڵێن: لە ڕووی تەمەن و زانستیشەوە لێك نزیك بن.

٤- سەرەڕای عەوداڵی مرۆڤ لە ڕەچاوکردنی ئەو پێوەرانەی ئاماژە پێکران لە خاڵەکانی پێشوو، بە هۆی ئاڵۆزی ڕۆژگاری ئێستاو زۆری ئەو مەرجانەی دێنە خەیاڵ، ڕەنگە سەخت بێت هاوکوفی خوازراوی سەداسەد بدۆزرێتەوە، بەڵام ناشکرێ مرۆڤ تەنها پشت بە لێهاتووی خودی خۆی ببەستێ بۆ دۆزینەوەی هاوژینی، لەبیرمان نەچێت بڕواداری ڕاستەقینە، تەواوی متمانەو پشت بەستوە بە حیکمەتی خوا، بۆیە لەگەڵ خستنەگەڕی هەوڵەکانی خۆی و ئیستیخارە، متمانەی یەکلاکەرەوەی بە خوایە بۆ دۆزینەوەی هاوکوفێك.

# چەند فەرموودەیەک دەربارەی

# مامەڵەی نێوان هاوسەران

فەرموودەی

٢٣

# ئافرەت چۆن دەچێتە بەهەشت؟

«إِذَا صَلَّتِ الْمَرْأَةُ خَمْسَهَا، وَصَامَتْ شَهْرَهَا، وَحَفِظَتْ فَرْجَهَا، وَأَطَاعَتْ زَوْجَهَا، قِيلَ لَهَا ادْخُلِي الْجَنَّةَ، مِنْ أَيِّ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ شِئْتِ»[١].

واتە: ئەگەر ئافرەت پێنج نوێژە (فەڕزە)کانی ئەنجامداو، (ڕەمەزانیش) ڕۆژووەکانی گرت، داوێنی خۆشی پاراست (لە حەڕام)و، گوێڕایەڵی مێردەکەشی کرد (لە شتی شەرعیی)، ئەوە پێی دەگوترێ: بڕۆ بەهەشت لە کام دەرگای بەهەشتەوە پێت خۆشە.

(١) أخرجه أَحْمَد: ١٦٦١، عن أم سلمة، وَحَسَّنَهُ الألباني.

## ڕوونکردنەوە

١- خوشكانی من! پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگاكەی زۆر بۆ كورت و پوخت كردوونەوە، بەڵام ئایا ئەگەر زیاتر ئەنجام بدەن پاداشتی زیاترتان نابێ؟ بەڵێ، بێگومان بە تایبەت نوێژە سوننەتەكان و زیكرو وێردەكان، چونكە خوا لە فەرمایشتی قودسی دەفەرموێ: بەندە هێندە لێم نزیك دەبێتەوە بە جێبەجێ كردنی سوننەتەكان، تا ئەو ئاستەی خۆشمدەوێ. خۆش بە حاڵی ئەو كەسە، دەبێتە خۆشەویستی خوا.

٢- هۆكارێكی دیكەی چوونە بەهەشت، ئەم پەیمانەیە، تكا دەكەم، وەری بگرن، ئەنەسی كوڕی مالیك، لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: ئێوە شەش شتم لێ وەربگرن، منیش بەهەشتان بۆ مسۆگەر دەكەم، گوتیان: ئەو (شەش شتە) چییە؟ فەرمووی: ئەگەر یەكێكتان قسەی كرد با درۆ نەكات، ئەگەر پەیمانیدا با جێبەجێی بكات، ئەگەر ئەمانەتی پێسپێردرا با خیانەتی تێدانەكات، چاوی خۆتان لادەن لە سەیر كردنی شتی حەرام (پیاوان و ئافرەتان بۆ یەكتر مەڕوانن)، وە دەستی خۆتان بگرنەوە لە شتی قەدەغەكراو، وە عەوڕەتیی خۆتان بپارێزن[1].

٣- بێگومان كە دەفەرموێ: نوێژەكانتان بكەن، ئیدی باسی ئەو شتانەی نەكردوە، كە بە نوێژ كردن لێیان دووردەكەویەوە، وەك: خراپە لەگەڵ خەڵك، قسە هێنان و بردن، ئاشووب دروستكردن، درۆكردن، بێ حەوسەڵەیی، سپڵەیی، حەسوودیی، غەیبەتكردن، چرووكبوون، دەیان سیفەتی پەستی دیكە، كە لەگەڵ نوێژكردن و ڕۆژووگرتن و خواپەرستی ڕاستەقینە ناگونجێن.

(١) «إِذَا حَدَّثَ أَحَدُكُم فَلَا يَكْذِبْ، وَإِذَا وَعَدَ فَلَا يُخْلِفْ، وَإِذَا اؤْتُمِنَ فَلَا يَخُنْ، غُضُّوا أَبْصَارَكُمْ، وَكُفُّوا أَيْدِيَكُم، وَاحْفَظُوا فُرُوجَكُمْ» أخرجه الحَاكِمُ: ٨٠٦٧، وَحَسَّنَهُ الألباني، وَقَالَ فِي (الصحيحة): ١٥٢٥.

فەرموودەی

٢٤

# پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر خواپەرستی

«إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ لَيَرْفَعُ الدَّرَجَةَ لِلْعَبْدِ الصَّالِحِ فِي الْجَنَّةِ، فَيَقُولُ: يَا رَبِّ! أَنَّى لِي هَذِهِ؟ فَيَقُولُ: بِاسْتِغْفَارِ وَلَدِكَ لَكَ»(١).

واتە: بە ڕاستی خوا (عَزَّ وَجَلَّ) پلەی بەندەی صاڵح بەرز دەکاتەوە لە بەهەشت، (ئەویش) دەڵێ: ئەی پەروەردگارم! ئەوە لە کوێوە بۆ من هاتوە؟ پێی دەگوترێ: بە هۆی داوای لێخۆشبوون کردنی منداڵەکەتە کە دوعای بۆ کردوویت.

(١) أخرجه أَحْمَدُ: ١٠٦١٨، عن أبي هريرة، تعليق شعيب الأرنؤوط : إسناده حسن.

## ڕوونکردنەوە

١- هەر كات مسوڵمان مردو گەڕاوە لای خوای بەرز، سێ شتی بە دواوەن، ئەوانیش: ئەهل و دۆستەكانی و، سامان و سواریی و، خزمەتكارەكانی و، هەرچی هەیەتی، هەروەها كردەوەكانی، جا باشبن، یان خراپ، لەوانەش: دووانیان دەگەڕێنەوە، یەكیان دەمێنێتەوە، كە كردەوەیە.

٢- ئەوەی باسم كرد، هاندانە لەسەر ئەوەی بۆ دواڕۆژی خۆت و ئاوەدان كردنەوەی گۆڕو قیامەتی خۆت، هەرچی دەتوانی بیكەی، ئەنجامی بدە لە كردەوەی چاك، لە نێو كردەوە چاكەكانیش، زۆرترین بیرت لای ئەو كارانە بێ كە بۆ هەمیشە لە باڵانست زیاد دەكەن دوای خۆت، یەكێكیان پەروەردەكردنی منداڵی صاڵحە.

٣- دوعاو داوای لێخۆشبوون و، هەر چاكەیەكی دیكەی منداڵی صاڵح، جا كوڕ بێت، یان كچ، بێگومان سوودی زۆری دەبێ بۆ دایك و باوك، وەك لەم فەرمایشتەی ئەم بابەتە هاتوە.

٤- پێشەوا مەناوی دەڵێ: ئەم فەرموودە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی: داوای لێخۆشبوونی منداڵ بۆ دایك و باوكی دەبێتە مایەی ڕەش بوونەوەی گوناهەكانیان و بەرز بوونەوەی پلەكانیان، وەك چۆن ئەم منداڵە خۆی سوودی لێ دەبینێ، دایك و باوكیشی كە مردوون بە هەمان شێوە، لێی بەهرەمەند دەبن.

پێشەوا (**إبن كثير**) دەڵێ: جگە لە قوڕئان كە ڕاجیایی لەسەرە ئایا بە مردوو دەگات، یان نا؟ باقی شتەكانی دی، لە خێرو صەدەقات و، پاڕانەوەو داوای لێخۆشبوون كردن ... هتد. هەموو بە مردوو دەگات.

فەرموودەی

٢٥

## باشترین ئافرەت کامەیە؟

«خَيْرُ النِّسَاءِ امْرَأَةٌ إِذَا نَظَرْتَ إِلَيْهَا سَرَّتْكَ، وَإِذَا أَمَرْتَهَا أطَاعَتْكَ، وَإِذَا غِبْتَ عَنْهَا حَفِظَتْكَ فِـي نَفْسِهَا وَمَالِكَ»[١].

واتە: باشترین ئافرەت ئافرەتێکە ئەگەر تەماشات کرد پێی دڵ خۆشبی، وە کە فەرمانت پێ کرد، گوێڕایەڵیت بکات، وە ئەگەر لە لای نەبووی بتپارێزێ، لە نەفسی خۆی (ئاگاداری خۆی بێ)[٢]، وە ماڵەکەت بپارێزێ و (زێدەڕۆیی نەکات لە ماڵ سەرف کردن).

(١) أخرجه أَحْمَد: ٧٤١٥، وَالحَاكِمُ: ٢٦٨٢، وَالبزَّار: ٨٥٣٧، واللَّفظُ لَهُ، عَن أبي هُرَيرة.

(٢) شتێك نەکات کە گوناهبار بێ و سومعەو ئابڕووی خۆی و مێردەکەی لەکەدار بکات.

## ڕوونکردنەوە

١- وەسفی خوا بۆ ئافرەتانی باش، ئەوەیە: ﴿فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللهُ﴾(٣٤) النساء. ئەوەی لەم ئایەتە وەردەگیرێ: زەقترین نیشانەی ئافرەتی باش، یەکەم: گوێڕایەڵی پیاوەکەیانن لە کاری چاك، دووەم: لە کاتی دیار نەبوونی پیاوەکەیان پارێزەری کەسایەتی خۆیان و پیاوەکەیانن، پارێزەری ماڵ و سامان و نهێنی مێردەکەیانن، ئاگاداری منداڵەکانیانن، بۆ کچانیش بە هەمان شێوە پارێزەری کەسایەتی خۆیان و باوك و براو ئەهلەکەیانن.

٢- هەرکات ئافرەت دڵی پیاوی خۆشکرد، زیاتر بۆی هەیە پیاو لێی ڕازی بێ و خۆشی بوێ، دەرەنجامی ئەم هەڵسوکەوتەی ئافرەت بریتیە لە بەختەوەر بوونی دونیاو ڕەزامەندی خوا لە دواڕۆژ، بۆ پیاویش بە هەمان شێوە، وەك چۆن باشترین نیعمەتی خوا لە دونیا بۆ پیاو ئافرەتێکی چاکە کە دڵخۆشکەری بێ، بە هەمان شێوە بۆ پیاویش وایە، دەبێ دڵخۆشکەری هاوسەرەکەی بێ.

٣- ئافرەت پێویستە لەسەری هەموو هۆکارەکانی بەختەوەر کردنی پیاو بگرێتە بەر، لە پێناو دەستبەرکردنی پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە، ئەوانەی لەم فەرمووده هاتوون، هۆکاری زۆر گرنگ و گەورەن، وە داخوازی دڵی هەموو پیاوێکە لە ئافرەت، بۆیە پێویستە بە گرنگیەوە لێیان بڕوانن و هەوڵی جێبەجێکردنیان بدەن.

٤- پیاوان و ئافرەتان پێویستە پێش هاوسەرگیریی تەواو سەرنجی یەك بدەن، ڕوانینێکی چارەنووسانە، ئایا شایستەی یەکترن، لە ڕووی دینداریی، ماڵ و سامان، جوانیی، بەڕێوەبردنی ماڵ و منداڵ، بەجێهێنانی ئاواتەکانی یەکدی، پێکەوە ژیانی هاوبەش، بەڵام جوانترین هەڵبژاردن بە بڕوای من، هەڵبژاردنی کەسێکە ڕووحی جوان بێت، نەك ڕووخسار، کۆمەڵێك سیفەتی تایبەتی هەبن لە: سادەیی، وەفا، لێبوردەیی، سینگ فراوانی، پۆزش بۆ هێنانەوە، نەرم ونیانی، لە ڕووە شەرعیەکەش، دیندارێکی ئەصڵی بێ، نەك عادەتی!

فەرموودەی

٢٦

# چاکترین پیاو ئەو پیاوەیە بۆ هاوسەر و خێزانەکەی چاکە

عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لأَهْلِهِ، وَأَنَا خَيْرُكُمْ لأَهْلِي»[١].

واتە: عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: باشترینتان باشترینتانن بۆ خاووخێزانەکەی، وە من لە هەمووتان باشترم بۆ خاووخێزانەکەم.

(١) أخرجه الترمذي في سننه ح ٣٨٩٥ وقال حسن صحيح.

## ڕوونکردنەوە

١- گەورەیی پێغەمبەر ﷺ لەوەدایە: هەمیشە ئەوەی دەیفەرموو، پێشتر بە کردەوە ئەنجامی داوە، وێنەی ئەوەی لێرە فەرموویەتی، بە کردەوە ئەنجامی داوە: پێغەمبەر ﷺ قاچی داناوە بۆ ئەوەی صەفیەی خێزانی تا قاچ بخاتە سەر ئەژنۆی و سەربکەوێ بەسەر حوشترەکەیدا، کە بەرز بووە، صەفیە پێی لەسەر ئەژنۆی پێغەمبەر ﷺ داناوە تا سەربکەوێ(١).

٢- هەروەها لە نێو ماڵ و خێزانەکانی بەهەمان شێوە مامەڵەی کردوە، چونکە دەرو دەروونی یەک بووە، دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) دەفەرموێ: چیمان ویستبێ لە ئیش و کاری ماڵ و یارمەتی دان و، تەنانەت دوورینی پۆشاکی خۆی و، نەعلەکانی خۆی ئەنجامی دەدا، سەرباری بەبەزەیی و نەرم و نیان و لێبوردەیی زۆری لەگەڵیان(٢).

٣- هەروەها ئەنەسی کوڕی مالیک دەڵێ: هەرگیز پێغەمبەر ﷺ دەستی بەرز نەکردۆتەوە تا لە خێزان و منداڵ وخزمەتکارەکانی بدات(٣).

٤- ئەوەی باسمان کرد، ئەوەی لێ وەردەگیرێ: پیاو دەبێ سادە بێ، ژیان بە سادەیی تەماشا بکات، بەداخەوە! لەمڕۆدا لە ناو مسوڵمانان‌دا پیاو هەیە گەر دەرگای سەیارە بۆ خێزانی بکاتەوە، ڕەنگە پێی وابێ لە کەسایەتی دابەزیوە، ئەی مسوڵمان! ﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ﴿٢١﴾﴾ الاحزاب.

(١) {قال أنس رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ... يَجْلِسُ عِنْدَ بَعِيرِهِ فَيَضَعُ رُكْبَتَهُ فَتَضَعُ صَفِيَّةُ رِجْلَهَا عَلَى رُكْبَتِهِ حَتَّى تَرْكَبَ} أخرجه البخاري: ٤٢١١.

(٢) سَأَلْتُ عَائِشَةَ ما كانَ النبيُّ ﷺ يَصْنَعُ في بَيْتِهِ؟ قالَتْ: كانَ يَكونُ في مِهْنَةِ أهْلِهِ - تَعْنِي خِدْمَةَ أهْلِهِ} أخرجه البخاري: ٦٧٦، {وقالت: كَانَ بَشَرًا منَ الْبَشَرِ، يَفْلِي ثَوْبَهُ، وَيَحْلُبُ شَاتَهُ، وَيَخْدُمُ نَفْسَهُ}أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ فِي الْأَدَبِ الْمُفْرَدِ، وَصَحَّحَهُ الْأَلْبَانِيُّ..

(٣) {ما رأَيْتُ رسولَ اللهِ ﷺ ضَرب خادمًا قطُّ ولا ضَرب امرأةً له قطُّ} أخرجه ابن حبان: ٤٨٨..

فەرموودەی

٢٧

# خراپترین ژن و مێرد

«إِنَّ مِنْ أَشَرِّ النَّاسِ عِنْدَ اللَّهِ مَنْزِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ الرَّجُلُ يُفْضِي إِلَى امْرَأَتِهِ، وَتُفْضِي إِلَيهِ، ثُمَّ يَنْشُرُ سِرَّهَا»[١].

واتە: بێگومان خراپترینی خەڵکی لە لای خوا لە ڕۆژی دوایی، پیاوێکە بۆ سەرجێیی چۆتە لای ژنەکەی، وە ژنێکە بۆ سەرجێیی چۆتە لای پیاوەکەی، پاشان دێ بۆ خەڵکی باس دەکات و بڵاوی دەکاتەوە (کە ئاواو ئاوای لەگەڵ هاوسەرەکەی کردوە).

(١) أخرجه مُسْلِم: ١٤٣٧، عن أَبي سعيد الخدري.

## ڕوونکردنەوە

١- لەم فەرمایشتەدا پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژە بە خراپترین جۆری ژن و مێرد دەکات (خوا پەنامان بدات)، بە سیفەتی خیانەت وەسفیان دەکات، ئەویش بردنە دەرەوەی نهێنیەکانی نێو ماڵە، یەکێکە لە کارە قەدەغەکراوەکان.

٢- لەبەر ئەوەی ژن و مێرد نهێنی زۆریان لای یەکدی هەیە، پێویستە لەسەریان نهێنیەکانی یەکدی بپارێزن بە شێوەیەکی گشتی، بە تایبەت بابەتی سەرجێی و جووتبوون و، ئەوەی دەگوزەرێ لە نێوانیان، کە ئەم فەرموودە زۆر بە ڕوونی ئاماژەی پێکردوە، بە یەکێك لە گوناهە گەورەکان هەژمار کراوە، بۆیە پارێز لە خوا بکەن، نهێنی یەکدی ئاشکرا مەکەن.

٣- ئەم فەرموودە تەنیا باسی پاراستنی مەسەلەی جوتبوون و ئەوەی دەگوزەرێ ناگرێتەوە، بەڵکو هەر قسەیەك، یان کردەوەیەك، کە لە دەرەوەی ئەم بابەتەش دەکرێ، بێگومان هەمووی نهێنین و دەبێ پارێزراوبن، بۆیە دەبێ نهێنی هەموو کەس بپارێزرێ، بەڵام ئەوەی لە نێوان ژن و مێردە زۆر هەستیارە بۆیە زیاتر جەختی لێکراوەتەوە.

٤- قسە لای ئەو کەسە مەکە، نهێنیەکان ئاشکرا دەکات، توانای ڕاگرتنی ئەمانەت پاراستنی نیە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **«إِذَا حَدَّثَ الرَّجُلُ الرَّجُلَ بِالْحَدِيثِ، ثُمَّ الْتَفَتَ فَهِيَ أَمَانَةٌ»**[١]، واتە: ئەگەر پیاوێك قسەی بۆ پیاوێك کرد، پاشان ڕووی وەرگێڕاو ئاوڕی دایەوە، ئەوە ئەمانەتە (واتە: لە کاتی ئاوڕدانەوە مەبەستی ئەوە بوو کەس ئەم قسانە نەبیستێ).

ئەی ئەو کەسەی قسەت لەلا دەکرێ، تکایە ئەگەر دەزانی خۆت پێ کۆنترۆڵ ناکرێ، ڕێگە مەدە قسەی تایبەتت لەلا بکرێ.

---

(١) أخرجه أبو داود: ٤٨٧٠، عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ، وَحَسَّنَهُ الألباني.

فەرموودەی

٢٨

# جوانیەکانی یەکتر ببینن

«لاَ يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً، إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقًا، رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ»[١].

واتە: با هیچ پیاوێکی ئیماندار هیچ ئافرەتێکی ئیماندار نەبوغزێنێ، ئەگەر ڕقی لە سیفەتێکی خراپی بوو، ئەوە سیفەتێکی دیکەی باشی هەیە کە لێی ڕازییە.

(١) أخرجه مسلم: ١٤٦٩، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ.

## ڕوونکردنەوە

١- ئەم فەرموودە فێری مانای وەفاو بەخشندەییمان دەکات، ئەی ژن! ئەی پیاو! کامتان سەدا سەد ئەویترتان قبوڵە، بە دڵە، لێی ڕازیە؟! بێگومان هیچ کامتان، مادام حەز دەکەی و داوا دەکەی ئەو بەو هەڵەو کەم و کورتیانە قبوڵت بکات، تۆش بۆ ئەو وا بە.

٢- پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ بە پیاو دەفەرموێ: لەبەر سیفەتە باشەکانی خێزانت خۆشت بوێ، لە هەمان کاتدا چاوپۆشیش لە سیفەتە خراپەکانی بکە، دیارە لە بەرانبەریشدا دیسان ئافرەتی ئیمانداریش نابێ پیاوی ئیماندار ببوغزێنێ، واتە: ژن و پیاو نابێ یەکدی ببوغزێنن، لەبەر چەند سیفەتێك کە تێیاندا هەیە و بە دڵیان نیە.

٣- ئەوپەڕیی سپڵەیی لە نێوان ژن و پیاو ئەوەیە کە چاکەکانی یەکتر فەرامۆش بکەن وا پێشان بدەن خێریان لە یەکدی نەبینیوە، چونکە هەردووکیان لەم ڕەفتارەدا هەم ستەم دەکەن، هەم ڕاست ناکەن، بۆیە تا دەکرێ با لە نێوان خۆمان ئەهلی وەفاداریی و سوپاسگوزاریی بین.

فەرموودەی
**٢٩**

# پۆشتەیی ئافرەتان

«عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا: أَنَّ أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دَخَلَتْ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَعَلَيْهَا ثِيَابٌ رِقَاقٌ، فَأَعْرَضَ عَنْهَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، وَقَالَ لَهَا: يَا أَسْمَاءُ! إِنَّ الْمَرْأَةَ إِذَا بَلَغَتِ الْمَحِيضَ، لَمْ يَصْلُحْ أَنْ يُرَى مِنْهَا إِلَّا هَـذَا وَأَشَارَ إِلَـى وَجْهِهِ وَكَفَّيْهِ»[(١)].

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: ئەسمائی کچی ئەبو بەکر (خوا لێی ڕازی بێ)، هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ وە پۆشاکێکی تەنکی لەبەردا بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووی لێ وەرگێڕاو، پێی فەرموو: ئەی ئەسماء! ئافرەت دوای ئەوەی کە باڵغ دەبێ، ناگونجێ لێی ببینرێ مەگەر ئێرەی، ئاماژەی کرد بۆ ڕووخسارو، هەردوو لەپە دەستی.

---

(١) أخرجه أبو داود: ٤١٠٤، وصححه الألباني، وقال الهيثمي في المجمع: فيه ابن لهيعة، وحديثه حسن، وبقية رجاله رجال الصحيح.

## ڕوونکردنەوە

١- خوا ﷻ دەفەرموێ: ئافرەت نابێ جوانی خۆی دەرخات: ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا...﴾ ﴿٣١﴾ النور، ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ ئەم ئایەتەمان بۆ تەفسیر دەکات، کە دەگونجێ، ڕووخسارو دەستەکانی دیاربن.

٢- زۆربەی زانایان بۆچوونیان ئەوەیە: ئەم ڕووداوە پێش دابەزینی ئایەتی حیجاب بووە، ئەگەرنا (ئەسماء)ێك کە کچی ئەبو بەکری صیددیق بێ (خوا لێیان ڕازی بێ)، بێگومان هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێ باشترین کچی ڕۆژگاری خۆی بێ، گوێڕایەڵترین کچ بێ بۆ فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ.

٣- پۆشاکی ئافرەتان پێویستە گشت مەرجە شەرعیەکانی تێدابن، کە بریتین لە: تەنك نەبێ، تەسك نەبێ، کورت نەبێ، بۆندار نەبێ، بە جۆرێك نەبێت ببێتە هۆکاری سەرنج ڕاکێشانی پیاوان و گوناهبار کردنیان.

٤- خاڵێکی زۆر کاریگەر لەم فەرموودە بە دی دەکرێ، ئەوەیە: لەگەڵ ئەوەی ئەسماء خان، خوشکی خێزانی پێغەمبەر ﷺ بووەو، دایکە عائیشە خودی خۆی لەوێ، ئنجا (پێغەمبەر ﷺ) ڕووی وەرگێڕاوە لە ڕووانینی ئەسماء خان! بۆ پیاوان و ئافرەتان ئەمە جوانترین ڕێنماییە، بە ناسکترین شێوە، دەبێ هەردوولامان ئاگاداری چاومان بین لە ڕووانینە قەدەغە کراوەکان.

# کۆتایی کتێب

فەرموودەی

٣٠

# خۆشەویستی خوا بۆ بەندەکانی

«يَا ابْنَ آدَمَ! مَهْمَا عَبَدتَني وَرَجوتَني وَلَمْ تُشْرِكْ بِي شَيْئَاً، غَفَرْتُ لَكَ عَلَى مَا كَانَ فِيكَ، وَإِنْ استَقْبَلْتَني بِـمِلءِ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ خَطَايَا وَذُنُوباً، اسْتَقْبَلْتُكَ بِـمِلْئِهِنَّ مِنَ الْمَغْفِرَةِ وَأَغْفِرُ لَكَ وَلاَ أُبَالِي»[1].

خوای بەخشندەو میهرەبان فەرموویەتی:

واتە: ئەی نەوەی ئادەم! هەرچەند تۆ بەندایەتیم بۆ بکەی و، چاوەڕێی ئومێدم لێبکەی، (مادام) هیچ هاوبەشێکم بۆ بڕیار نەدەی، ئەوە منیش هەرچی تۆ کردبت (لە گوناهو تاوان) لێت خۆش دەبم، (ئەی بەندەی خۆم!) ئەگەر پڕ بە ئاسمان و زەوی لە گوناهو تاوان بگەڕێیتەوە بۆ لام، منیش بە پڕی ئاسمان و زەوی لە لێبوردن پێشوازیت لێ دەکەم، وە لێت خۆش دەبم، هیچ باکم نیە.

(١) أخرجه البَيْهَقِيُّ في «شعب الإيمان»: ١٠٤٠، عن أبي الدرداء، وَصَحَّحَهُ الألباني.

## ڕوونکردنەوە

لەبەر ئەوەی هێندە ڕوونە، پێویست بە قسە لەسەر کردن ناکات!!!

# نــاوەڕۆک

پێشەکی ........................................ ٤
١- ڕەزامەندی خوات مەبەست بێ ........................................ ٨
٢- ئاگاداری ئیمانت بە ........................................ ١٠
٣- نوێژەکانت بپارێزە ........................................ ١٢
٤- ڕۆژووەکانت لێخۆشبوونتن ........................................ ١٤
٥- بانگەواز بۆ ئایین بکە ........................................ ١٦
٦- پشت بە خوا ببەستە ........................................ ١٨
٧- نیعمەتی خوات پێوە ببینرێ ........................................ ٢٠
خۆ دوورگرتن لە چەند ڕەوشت و سیفەتێکی ناپەسند ........................................ ٢٣
٨- غەیبەت کردن ........................................ ٢٤
٩- کەشخە و فیزکردن ........................................ ٢٦
١٠- دووڕوویی ........................................ ٢٨
١١- حەسوودیی ........................................ ٣٠
١٢- زۆر پرسیار کردن ........................................ ٣٢
١٣- قسەهێنان و بردن ........................................ ٣٤
١٤- بە چپەچپ قسە کردن ........................................ ٣٦
١٥- گاڵتەجــاریی ........................................ ٣٨
١٦- پەیوەندی پچڕاندن ........................................ ٤٠
١٧- خۆچوواندنی پیاوان و ئافرەتان بەیەکدی ........................................ ٤٢

چەند فەرموودەیەك دەربارەی هاوسەرگیریی ........................ ٤٥
١٨- هاوسەرگیریی نیوەی دینداریی تەواو دەکات ........................ ٤٦
١٩- کاتێك کچ بە زەبرو زۆر بەشوو دەدرێ ........................ ٤٨
٢٠- نیشانەی ڕازی بوونی کچ ........................ ٥٠
٢١- بەرەکەت لە ئاسانی مارەییەکاندایە ........................ ٥٢
٢٢- کێ شایستەی کچ پێدانە؟ ........................ ٥٤
چەند فەرموودەیەك دەربارەی مامەڵەی نێوان هاوسەران ........................ ٥٧
٢٣- ئافرەت چۆن دەچێتە بەهەشت؟ ........................ ٥٨
٢٤- پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر خواپەرستی ........................ ٦٠
٢٥- باشترین ئافرەت کامەیە؟ ........................ ٦٢
٢٦- چاکترین پیاو ئەو پیاوەیە بۆ هاوسەر و خێزانەکەی چاکە ........................ ٦٤
٢٧- خراپترین ژن و مێرد ........................ ٦٦
٢٨- جوانیەکانی یەکتر ببینن ........................ ٦٨
٢٩- پۆشتەیی ئافرەتان ........................ ٧٠
کۆتایی کتێب ........................ ٧٣
٣٠- خۆشەویستی خوا بۆ بەندەکانی ........................ ٧٤